# ئیمپراتۆر جۆنز



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

یوجین ئۆنێل

# ئیمپراتۆر جۆنز

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

د. ئازاد حەمە شەریف



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: ئیمپراتۆر جۆنز

نووسینی: یوجین ئۆنێل

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف

بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٩٢

هەڵەگری: بۆکان نووری

دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم

بەرگ: مریەم موتەقییان

چاپی یەکەم، ٢٠٠٩

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٠٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

تێبینی: هیچ کەسێک یان تیپێکی شانۆیی بۆی نییە بەبێ ڕێپێدانی نووسراو لە وەرگێڕەوە ئەم شانۆییە دەربهێنێت.

ئەم وەرگێڕانەم پێشکێشە بە:

* هەر کەسێک کە وڵاتەکەی خۆی لەلا خۆشەویستترە لە هەرچی سەرکردەی دنیا هەیە.

* گەلانی ستەمدیدە کە نیری ژێردەستی لە کەس قبووڵ ناکەن لە ژێر هەر پاساو و ناوێک بێت.

# یوجین ئۆنێل
# ئیمپراتۆر جۆنز و شانۆی ئەمریکی

نووسینی: دانا ڕەووف

## دەروازەیەک

هەرچەندە بەر لە دەرکەوتنی یوجین ئۆنێل چەندین شانۆنامەنووس لە ئەمریکا هەبوون، بەڵام شانۆ و شانۆی ئەمریکی بەر لە دەرکەوتنی ئەم نووسەرە هیچ پێگەیەکی جیهانییان نەبووە. شانۆنامەنووسەکانی بەر لە یوجین ئۆنێل لە گەڕان و تەقەلای ئەوەدا بوون کە شانۆیەکی مۆدێرنی ئەمریکی دابمەزرێنن و لە ڕێگەی شانۆنامەکانییەوە و بەتایبەتی لە ژێر کاریگەریی شانۆی ئەوروپیدا، بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و چەمکەکانی کۆمەڵگە بخەنە ڕوو. بۆ نموونە لە بیست ساڵی کۆتاییی سەدەی هەژدەیەمدا چەند شانۆنامەنووسێکی وەک جیمس ئا. هێرنە، برۆنسۆن هاوارد و ستێل ماکەیی لە ژێر کاریگەرییەکانی هێنریک ئیبسن- دا کاریان کردووە، فرە بەرهەم بوون و تەنانەت بەرهەمەکانیشیان لەسەر شانۆی شار و شارۆچکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نمایش کراون. بەڵام ئەم نووسەرانە زیاتر لە سنوورێکی تەسک و دیاریکراودا گوزارشتیان لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان کردووە و شانۆنامەکانیان مۆرکێکی ناوچەیی لەخۆ گرتووە و هەرگیز نەیانتوانیوە سنووری شارەکانی



خۆشیان ببڕن و ئەو مەسەلانەش کە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە گرفتێکی ساتەوەختی ئەو شارەوەی کە تێیدا ژیاون و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە شانۆنامەکانیان زوو لە بیر بچنەوە.

بەڵام بە دەرکەوتنی یوجین ئۆنێل شانۆ و درامای ئەمریکی شان بەشانی شانۆی جیهانی ئاماژەی بۆ دەکرێت و شانۆ و هونەری نووسینی شانۆنامەش دەبێتە لقێکی گرینگی ئەدەبی ئەمریکی و جیهانییش.

هەر لە سەرەتاوە شانۆنامە یەک پەردەییەکانی یوجین ئۆنێل، کە دەریا دەبێتە هێما، بابەت و بنەما سەرەکییەکانی لە زۆربەی شارەکانی ئەمریکا و لە کەنارەکاندا پێشکێش دەکرێن و دواتریش یەکە یەکە شانۆنامەکانی وەردەگێڕدرێتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی ئەورووپا و بە بەردەوامی لە جیهاندا نمایش دەکرێن، تا لە ساڵی ١٩٣٦ دا و هەر بەو شانۆنامانەی خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت.

## یوجین ئۆنێل و دەسپێکی نوێی شانۆی ئەمریکی

یوجین ئۆنێل خاوەنی دیدێکی قووڵ و بەهێزی ئاشکرای شانۆیی، هونەرمەندێکی ئەفرێنەر و بەردەوام لە نوێکردنەوەدا بووە و هەردەم شتێکی تازەی لە وێنەیەکی تازەتردا خوڵقاندووە و نووسینەکانی "شانۆنامەکانی" زنجیرەیەکە لە ئەزموونێکی بەردەوامی قووڵی شانۆیی. هەموو جۆرەکانی دراما بنەمایەکی چڕ لەلای یوجین ئۆنێل لەخۆ دەگرێت: ڕووداوەکان، کەسایەتییەکان، دیالۆگ، تەنانەت نووسینی دیمەن و گۆڕانکارییەکانیش. یوجین ئۆنێل هەر لە یەکەم

دەستپێکی نووسینیدا خۆی بە قوتابییەکی بە ئەمەکی ستریندبێری داناوە: "بۆ من ستریندبێری، هەروەک نیچە، دوو داهێنەری گەورەن، تا ئەمڕۆش ستریندبێری زۆر لە هەموومان مۆدێرنترە، ئەو تەنیا سەرکردەمانە."

یوجین ئۆنێل بەهیچ شێوەیەک بەپێودانگە تەقلیدییەکانی شانۆ ڕازی نابێت، لەبەرئەوە خۆی لە هەوڵی تاقیکردنەوەیەکی بەردەوامدا بووە، شێوازی نووسینەکەشی لە شانۆنامەیەکەوە بۆ شانۆنامەیەکی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و تەکنیکی جۆراوجۆری تاقیکردووەتەوە و بەکاری هێناون.

یوجین ئۆنێل بە شێوەیەکی تۆکمە و بە سەلیقەیەکی وەستایانە ڕێبازی ناتورالیزم، ڕیالیزم، سیمبولیزم، دەربڕین ئاسا بەکار دێنێ و هەر لە دەسپێکی کارەکانییەوە هەوڵی داوە دەمامک، کۆرس، گۆرانی و تەکنیکە بەهێزەکانی شانۆیەکی گوزارشتئامێزی تایبەتمەند بەخۆی دروست بکات. هەندێک جار مۆتیڤە ناتورالیزم و هێماگەرییەکان لە یەک شانۆنامەدا تێکەڵاو دەکات، یان شان بەشانی یەکتر دەڕۆن. شانۆییەکانی یوجین ئۆنێل جۆرێکە لە شانۆیەکی شۆڕشگێڕی بە مانا هونەرییەکەی و لە وڵاتێکی گەورەی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بە شێواز و تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی، بە بەردەوامی، بە فرە بەرهەمی و بە ناوەڕۆکە دەوڵەمەندەکانی شۆڕشێک لە شانۆی ئەمریکیدا بەرپا دەکات و شانۆ لە بنەمایەکی دیاری نەکراوی بەربڵاوی بەبێ بنەما و ئەماتۆرئاساییەوە دەکاتە شانۆیەکی بە بنەما، جیهانی و خاوەن ڕیپەرتواری پرۆفیشیوناڵ. یوجین ئۆنێل لە بنەمایەکی بەهێزی فیکری و هەست و هۆشێکی بەرز و تێڕوانینێکی



قووڵی مرۆڤانەوە کاری کردووە و ئەم بنەما پتەوەش لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

یوجین ئۆنێل بڕوای بە ئازادی مرۆڤ، بە ئازادی هەڵبژاردن و بە دەست نیشانکردنی چارەنووسی خۆی هەبووە و هەر لەم دەروازەیەشەوە بڕوای وابووە کە تەنیا مرۆڤ خۆی دەتوانێت بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات.

پاڵەوانە تراژیدییەکانیشی بەرجەستەیەکی ئەم بیرە مۆدێرنەی یوجین ئۆنێلە، ئێمە هەست و سۆزمان بەرامبەر بە چارەنووسی کارەکتەرەکانی، لەبەرئەوە ناجوڵێ کە ئەوانە قوربانین، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤە خۆی بەرپرسیارە لەو ڕێگەیەی کە لە ژیاندا هەڵی بژاردووە و هەرخۆشی بەرپرسیارە لە چارەنووس و بەرئەنجامەکانی. ئەگەر کێشە و ململانێی مرۆڤ لەوەوبەر لەگەڵ خواوەندەکاندا بووبێت، ئەوا لەلای یوجین ئۆنێل لەگەڵ خودی خۆیدایەتی، لەگەڵ رابردوویەتی، لەگەڵ ئەو تەقەلایانەی مرۆڤدایە کە دەیەوێت ڕێگەی هەستکردن بە شتێک بدۆزێتەوە. هەروەها یوجین ئۆنێل ویستوویەتی ئەوە بەرجەستە و پیشان بدا کە میرات و ژینگە و هەلومەرجەکان چۆن فۆرم دەبەخشنە کەسایەتی و چارەنووسی مرۆڤ.

تراژیدیای گرێکی پێوەستە بە مەسەلەکانی خواوەند و چارەنووسێکی دیاریکراوەوە، لەلای شێکسپیر دەبێتە تراژیدیای مرۆڤ و لە ڕێگەی مەرگەوە کارەکتەرە تراژیدیاکانی یۆنان و تەنانەت شێکسپیریش دەگەنە چارەنووسی خۆیان و قووتاربوون، بەڵام یوجین ئۆنێل تراژیدیایەکی سیکۆلۆجی و فرەلایەن دەستەبەر دەکات.

ململانێ لە شانۆنامەکانی یوجین ئۆنێلدا لەسەر بنەما تەقلیدییەکان رۆنەنراوە، کێشەکان لە نێوان مرۆڤ و خواوەند، مرۆڤ و چارەنووسدا، لە نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەدا نییە، بەڵکو لە نێوان مرۆڤ و دەروونی خۆیدایە. بەم شێوەیەش کێشەکان، ململانی ئاڵۆزەکان لە ناو دەروونی مرۆڤ خۆیدا دروست دەبێ و هەڵوێستە و بارودۆخە تراژیدییەکانیش بەشێکە لە کێشەکانی دەروونی مرۆڤ.

ئەگەر کێشە و ململانێ سەرەکییەکە لە ژیانی مرۆڤدا کێشە بێت لەگەڵ خۆی و هەستی نائاگایی خۆیدا، لەگەڵ خۆی و دەروونی خۆیدا و لەگەڵ خۆی و خودی خۆیدا، ئەوا پرۆسەی خۆناسین و ڕووبەڕووبوونەوەی خود دەسپێکی گرینگی ئەم گەشتە گرانەیە، بەبێ ئاشنابوون و خۆناسینی خۆمان ناگەینە هیچ دەرەنجامێک. خۆناسینیش لەلای یوجین ئۆنێل لە کاتێکدا دێت کە مرۆڤ هەموو شتێکی لەدەست داوە، هەندێک جار ژیانیشی، بەڵام لە ئەنجامدا خۆناسینی بردووەتەوە، ئیمپراتۆر جۆنز نموونەیەکی ئاشکرای ئەم بیروبۆچوونەیە لەلای یوجین ئۆنێل.

## یوجین ئۆنێل... ژیان و بەرهەمەکانی

یوجین ئۆنێل لە ١٦ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٨ لە یەکێک لە ژوورەکانی میوانخانەیەکدا لە شاری نیۆیۆرک لە دایک بووە و لە ٢٧ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٥٣ دا لە بۆستۆن کۆچیی دوایی کردووە. باوکی جیمس ئۆنێل ئەکتەر و شانۆکار بووە و هەموو ژیانی لە گەشتی هونەریدا بەسەر بردووە، باوکی لە ڕەگەزدا خەڵکی ئایرلەندا بووە و لە ساڵی ١٨٥٠ دا لەگەڵ خێزانەکەیاندا هاتوونەتە ئەمریکا. دایکیشی



ئێلا کیونەلان هەر ئایرلەندی بووە، بەڵام بە پێچەوانەی باوکییەوە لە ئەمریکا لە دایک بووە و لە خێزانێکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو بووە.

یوجین ئۆنێل لە میوانخانەکاندا گەورە دەبێت، لەگەڵ دایکی و باوکی و براکەی، بەهۆی کارە هونەرییە بەردەوامەکانی باوکییەوە، لەم شار بۆ ئەو شار و لەمسەری وڵاتەوە بۆ ئەوسەری وڵات گەڕاون و لە میوانخانەکاندا ژیاون. بەم شێوەیەش یوجین ئۆنێل لەپشت دیکۆری شانۆکانەوە، لە نێو ئەکتەر و ڕیژیسۆر و کارمەندانی شانۆکاندا گەورە بووە و لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیشیدا گوتوویەتی: "ژیانی من وەک هونەرمەندێکی گەڕۆک دەستی پێ کردووە."

دایکی یوجین ئۆنێل لەگەڵ لەدایکبوونی ئۆنێلدا و لەبەر نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ و ئاگەداری تایبەتمەند و وەک کاردانەوەیەکی سایکۆلۆجی و ژیانی بێ پەروای ناو ئوتێلەکان و ئازارێکی زۆر، خوو بە بەکارهێنانی مادەی مۆرفینەوە دەگرێ. دایکی لە دڵەوە ڕقی لە شانۆ دەبێت و هەمیشە بەهۆی شانۆوە لە پەراوێزدا ژیاوە، یوجین ئۆنێل زۆر پابەند بووە بە دایکییەوە و کە لە تەمەنی چواردە ساڵیدا و بۆ یەکەم جار بۆی دەردەکەوێت کە دایکی مۆرفۆنیستە، دووچاری ڕەوشێکی ئاڵۆزی دەروونی و خەمۆکییەکی قووڵ دەبێت، ئەم هۆکارەش وای لێ دەکات کە بڕوای بە ئافرەت نەمێنێت.

دایکی بڕوایەکی پتەوی بە کەنیسەی کاتۆلیک بووە و ئەم بڕوایەش لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، یوجین ئۆنێل کە گەورە دەبێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەست دەکاتە نووسین، بەتەواوەتی لە بیروباوەڕی مەسیحییەت و کڵێسای کاتۆلیکی دوور

دەکەوێتەوە و لەبری ئەوە گرینگی دەدات بە فەلسەفەی نیچە، شۆپینهاوەر، شیکاری دەروونی و ئاینەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

یوجین ئۆنێل کە دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری، لە ژیانی ئوتێل و پێکەوەژیانی خێزانەکەیان بێزار دەبێت، لێیان جیا دەبێتەوە و ڕوو دەکاتە گوێ دەریاکان، دەبێتە بەدمەست و لەم وڵاتەوە دەچێت بۆ ئەو وڵات. لە ساڵی ١٩٠٩ دا و بە مەبەستی گەڕان و هەڵکۆڵین بەدوای زێڕدا، گەشتێکی گرینگ و چارەنووسساز دەکات بۆ هۆندۆراس، لە ساڵی ١٩١٠ دا بەبێ زێڕ دەگەڕێتەوە، بەڵام نەخۆشی مەلاریا لەگەڵ خۆی دێنێتەوە و بەناچاری لە شانۆکەی باوکیدا، وەک یاریدەدەری ڕیژیسۆر و نواندنی ڕۆڵێ بچووک کار دەکات. دوای تەواوبوونی گەشتە هونەرییەکانی ئەو وەرزە شانۆییيەی باوکی، واز دەهێنێت. سەرەتا لە ساڵی ١٩١٠ دا و زۆر بەخێرایی، لە بارودۆخێکی دەروونی ئاڵۆز و ناجێگیردا، یەکەم ژنی دەهێنێت، کوڕێکی لێی دەبێت و لە ساڵی ١٩١٢ دا جیا دەبێتەوە.

یوجین ئۆنێل سەرلەنوێ ئەمریکا جێ دێڵێتەوە، ئەمجارەیان خۆی دەگەیەنێتە ڕۆخی ڕووبارەکانی بۆینس ئایرێس لە ئەرجەنتین، پاش ماوەیەک و هەر بە کەشتی دەچێت بۆ باکوری ئەفەریقا، دەگەڕێتەوە بۆ بۆینس ئایرێس و لە مەیخانەکانی ڕۆخی ڕووبارەکانی ئەم وڵاتەدا دەژی و دواتر ناچار دەبێت کە بگەڕێتەوە بۆ نیۆیۆرک.

پایزی ساڵی ١٩١١ لە ڕۆژنامەی تێلێگراف Telegraph لە شاری نیولەندەن کار دەکات و کۆمەڵێ وتاری جۆراوجۆر بۆ ئەم ڕۆژنامەیە دەنووسێت، ئەم کارەش بڕوایەکی پتەو لەلای یوجین ئۆنێل دروست دەکات. بەڵام تەنیا دوای شەش مانگ و بەهۆی نەخۆشییەوە ناچار



دەبێت واز لە کاری ڕۆژنامەنووسی بهێنێت و لەبری ئەوە لە نەخۆشخانەکاندا دەکەوێتە ژێر چاودێری پزیشک و چارەسەرکردنەوە.

یوجین ئۆنێل تووشی "سیل" دەبێت و ئەم نەخۆشییەش لەو ڕۆژگارەدا ترسناک بووە و لەبەرئەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانە تایبەتییەکاندا ماوەتەوە. ئەم دەردەدارییە سنوورێک بۆ سەرچڵییەکانی یوجین ئۆنێل دادەنێت، سەرەتا واز لە مەیخواردنەوە دێنێت، گەشت ناکات و لەبری ئەوە لەسەر جێگەی نەخۆشخانەکاندا، دەست بە خوێندنەوە دەکات. زانستی دەروونی، شیعر، نیچە و شانۆی خوێندووەتەوە. یوجین ئۆنێل سەبارەت بەم قۆناخەی ژیانی دەڵێت «هەرچییەکم دەست بکەوتایە دەمخوێندەوە: بەرهەمی دێرینی گریکییەکان، ئێلیزابێسییەکان، بە شێوەیەکی گشتی هەموو بەرهەمە کلاسیکییەکان و بێگومان نووسەرە مۆدێرنەکانیش، ئێبسن و ستریندبێری، بەتایبەتی ستریندبێری.» لە ساڵی ١٩١٣ دا لە نەخۆشخانە دەچێتە دەرەوە، بە بڕواوە بڕیاری ئەوە دەدات کە ببێتە شانۆنامەنووس و لە ماوەی پازدە شازدە مانگێکدا، یازدە شانۆنامەی یەک پەردەیی و دوو شانۆنامەی درێژ دەنووسێت.

لە نێوان ساڵانی ١٩١٤– ١٩١٥ دا کۆرسێک دەربارەی دراماتیک و تەکنیک و هونەری شانۆنامەنووسین دەخوێنێت، هەرچەندە بەچاوی گومانەوە دەڕوانێتە وانەکانی ئەم کۆرسە، بەڵام یاریدەدەرێکی باش دەبێت بۆ تەقاندنەوەی بەهرەی نووسین و فرە بەرهەمییەکەی. سەرەتای شانۆنامەکانیشی لە کەش و هەوای دەریاوانەکان و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا دەسووڕێتەوە، هەر لەم قۆناخەدا یوجین ئۆنێل لەگەڵ گرووپێکی ئەزموونگەری گەنج و بۆ ماوەی چەندین ساڵ کار دەکات، گرووپەکە Provincetown Players توانا هونەرییەکانی ئەم

نووسەرە دەخاتە گەڕ و بەرهەمەکانی یەک لە دوای یەک دەخەنە سەر شانۆ و یوجین ئۆنێل وەک ئەکتەر و لە ڕۆڵی بچووک و لاوەکیدا بەشداری هەندێ لە شانۆنامەکانی خۆی دەکات. بەڵام پێشتر و بەر لە کارکردن لەگەڵ ئەو گرووپەدا، هەندی لە شانۆنامە یەک پەردەییەکانی خۆی لە کتێبێکدا بەچاپ گەیاندبوو.

یوجین ئۆنێل لە ساڵی ١٩٢٠ دا بە شانۆنامەی "لەودیو ئاسۆوە" Beyond the Horizon کە لە برۆدوای نمایش دەکرێت، ناوبانگی بەناو هەموو ئەمریکادا بڵاو دەبێتەوە، ئەم شانۆنامەیە نموونەیەکی بەراییی تراژیدیایەکی ئەمریکییە و یوجین ئۆنێل بە شێوازێکی واقیعی و ڕیالیزمی سیکۆلۆجی بەرز نووسیویەتی و هەر بەم شانۆنامەیەش خەڵاتی پولتیزەر Pulitzer Prize وەردەگرێت.

دوای ئەم شانۆنامەیە و لە ماوەی چواردە ساڵی داهاتوودا، یوجین ئۆنێل بە شانۆنامە ناتورالیزم، ڕیالیزم، هێماگەلی و گوزارشتئامێزەکانی دەبێتە بەناوبانگترین شانۆنامەنووسانی ئەمریکا. هەر بۆ نموونە ئیمپراتۆر جۆنز ١٩٢٠، غۆرێلا ١٩٢٢، ئانا کریستیا Strange Interlude 1928 , The Great God Brown, 1920 ئەم شانۆنامانە بۆ یوجین ئۆنێل دەبێتە دەسپێکی گرینگ و هەموو شێواز و تەکنیکەکان تاقی دەکاتەوە: گەمەی دەمامک، مەنەلۆژی ناوەکی، کردنەوەی زەمینەیەکی لەبار کە وا لە شانۆنامەکان، کارەکتەرەکان و ئەو تەکنیکەی کە بەکار هاتووە لە خودی گەمە و نمایشەکاندا گەشە بکات، ئەم گەشەکردنە زیاتر لە نێو کێشە ناوەکییەکانی کارەکتەرەکان و زەمینە سایکۆلۆجییەکاندا پەرەدەسەنێت.



یەکێک لە شانۆنامە گرینگەکانی ئەم قۆناخەی، کە بە شێوەیەکی ئاینی بەرجەستەی جیهانە ناوەکییەکە و کێشە ڕوحییەکان دەکات، سێینەی پرسە هەر لە ئێلێکترا دێت Mourning Becomes Electra کە لە ساڵی ١٩٣١ دا نووسیویەتی. یوجین ئۆنێل بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە گەڕاوەتەوە سەر شانۆی گریکی و سوودی لە شانۆنامەی "ئۆرستین" سێینە بەناوبانگەکەی ئەسخیلیۆس وەرگرتووە. خێزانێکی ئەرستۆکراتی، لە دوا ڕۆژەکانی شەڕی ناوەخۆی ئەمریکیدا دەبێتە مۆتیڤێکی گرینگی ئەم سێینە بەرزەی یوجین ئۆنێل.

شانۆنامەی «پرسە هەر لە ئێلێکترا دێت» پێگەیەکی گەورە و شوێنێکی دیاریکراوی بەرزی لە شانۆی مۆدێرن و هاوچەرخی جیهانیدا هەیە. بە ماوەیەکی زۆر و بەر لە نووسینی ئەم شانۆنامەیە، هەندێک لە ڕەخنەگرە ئەمریکییەکان، ئاماژەی ئەوەیان کردووە کە یوجین ئۆنێل لە شانۆنامەکانیدا چەندین هێڵی هاوبەش، زمان، ڕووداو، کارەکتەرەکان و ڕێتواڵی شانۆنامەکانی نزیکە لە ئەسخیلیۆس و درامای گریکییەوە. ئەم بۆچوونانەش پاڵی بە یوجین ئۆنێل- ەوە ناوە کە بگەڕێتەوە سەر شانۆ و درامای کۆنی گریکی و سوودیان لێ وەربگرێت.

دوای ئەم سەرکەوتنانە، یوجین ئۆنێل لەبەر نەخۆشی و باری ئاڵۆزی دەروونی و پەژارە و خەمۆکی، خۆی دوورەپەرێز دەگرێت، بەرهەمەکانی بڵاو ناکاتەوە و بەتەواوەتی خۆی لە چاوی میدیاکان و شانۆکان دەشارێتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٦ دا بە شانۆنامەی The Iceman Cometh دەردەکەوێتەوە و دوا ڕۆژەکانی ژیانیشی تەرخان دەکات بۆ نووسینی شانۆنامەی «سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو».

ئەم شانۆنامەیە لەسەر ژیان و بیۆگرافیای خۆی و خانەوادەکەی نووسیویەتی و تا خۆی لە ژیاندا بوو، لەسەر بڕیاری خۆی نمایش نەکراوە.

«سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو» تا ئێستاش بە باشترین و گرینگترین شانۆنامەی ئەمریکی دادەنرێت کە لە سەدەی ڕابردوودا نووسرابێت.

یوجین ئۆنێل دەسپێکی گرینگ و دامەزرێنەری شانۆیەکی مۆدێرنی ئەمریکییە و تێنسی ولیامز، ئارتۆر میللەر و ئێدوارد ئەلبی درێژکراوەیەکی سروشتی ئەون و لە ژێر کاریگەریی یوجین ئۆنێل و شێوازە واقیعی – سیمبولییانەکەی ئەودا دروست بوون.

## ئیمپراتۆر جۆنز

شانۆنامەی ئیمپراتۆر جۆنز یەکێکە لە شانۆنامە بەناوبانگە مۆدێرنەکانی جیهان و بە یەکێک لە گرینگترین بەرهەمەکانی یوجین ئۆنێل دادەنرێت کە لە ساڵەکانی ١٩٢٠ دا نووسیویەتی و هەر بەم شانۆنامەیەش ناوبانگی جیهانی بەدەست دەهێنێت و لەگەڵ شاکارە گوزارشتئامێزە گەورەکانی ئەڵمانیادا بەراورد دەکرێت.

شانۆی ئەمریکی بەم شانۆنامەیە پێ دەنێتە قۆناخێکی گرینگی ڕەوتی شانۆی جیهانییەوە، هەر دوای ئەم شانۆنامەیەش یوجین ئۆنێل هەست بە بەرپرسیارییەکی گەورە، سەبارەت بە ئایندە و گەشەکردن و دروستبوونی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەمریکی دەکات.

یوجین ئۆنێل هەر لەبەرئەوە بە شانۆنامەی ئیمپراتۆر جۆنز ناوبانگی لە ئەورووپا دەرکرد، چونکە شانۆنامەکە زیاتر لە یەک



کارەکتەردا چڕکراوەتەوە و لە شانۆی ناتورالیزمیش دوور دەکەوێتەوە، هەرچەندە مەخزایەکی ناتورالیستی، ڕەنگێکی تایبەتی دەبەخشێتە دیالۆگەکانی ئەم شانۆنامەیە.

کە بۆ یەکەم جار "ئیمپراتۆر جۆنز" بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایش دەکرێت، ڕەخنەگران وەک شانۆیەکی گوزارشتئامێزی مۆدێرن ناوی دەبەن، لە هەمان کاتدا ئەوەش دووپات دەکەنەوە کە یوجین ئۆنێل ئەم شانۆنامەیەی لە ژێر کاریگەری تەوژمە گوزارشتئامێزەکانی ئەڵمانیادا نووسیوە. بەڵام یوجین ئۆنێل بە توندی بەرپەرچی ئەم بۆچوونانە دەداتەوە و پێداگریی دەکات لەوەی کە ئەو دوای هەردوو شانۆنامەی "ئیمپراتۆر جۆنز و گۆرێلا" و لە دوای ساڵی ١٩٢٢ەوە بە هەندێ لە شانۆنامە گوزارشتئامێزەکانی ئەڵمانیا کە لە نیۆیۆرک نمایش کراون، ئاشنا بووە.

یوجین ئۆنێل ئەم شێوازەی نووسین بە "سوپەرناتورالیزم" پێناسە دەکات، بەڵام خێرا ئەم شانۆنامانە چ لە ئەمریکا و چ لە ئەورووپا مۆرکێکی دەربڕین ئاسای دەوڵەمەندی پێ دەبەخشن و لە زۆربەی شانۆکانی ئەورووپا، بەتایبەتی ئەڵمانیا، سوید، فەڕەنسا و تەنانەت لە ڕووسیاش نمایش دەکرێت.

## مرۆڤی ڕەشپێست و یوجین ئۆنێل

ئیمپراتۆر جۆنز کارەکتەرێکی ڕەشپێستە و یوجین ئۆنێل بەر لەم شانۆنامەیە، لە ساڵی ١٩١٨ دا و بە شانۆنامەی "خەونی لاوێک" کارەکتەری ڕەشپێست و تەنگەژەی ڕەگەزپەرستی و ڕەشەکانی چارەسەر کردووە و بەکار هێناوە. "خەونی لاوێک" شانۆنامەیەکی یەک پەردەییە و لە نێو بەرهەمەکانی یوجین ئۆنێل- دا هێندە بایەخی نییە،

بەڵام تەنیا دوای دوو ساڵ و بە شانۆنامەی "ئیمپراتۆر جۆنز" و مەسەلەی ڕەشپێستەکان لە نووسینی یەکێک لە گرینگترین شانۆنامەکانی دەبێتەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە یوجین ئۆنێل شانۆنامەی ئیمپراتۆر جۆنز لە ماوەی یەک ساڵدا لەگەڵ کۆمەڵێ شانۆنامەی تردا دەنووسێت کە زیاتر بەرگێکی ڕیالیزمی لەخۆ دەگرن و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئیمپراتۆر جۆنز چ لە ڕووی ناوەڕۆک، تەکنیک و چ لە ڕووی شێوازی نووسینەوە بەراورد ناکرێن. ئەمەش دووپاتی دەوڵەمەندی و فرە بەرهەمیی ئەم نووسەرە دەکاتەوە. یوجین ئۆنێل هەمیشە چەندین بابەت، چیرۆک و بیرۆکە و شانۆنامە لە هەگبەکەیدا بووە و بەردەوام گەڕاوەتەوە سەریان و بەشێوازی جۆراوجۆر چارەسەری کردوون. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە یوجین ئۆنێل تەنیا بەتوانای خۆی و بەبێ هیچ کاریگەرییەک بەرهەمەکانی نووسیون، بەڵکو بە شێوەیەکی بەهێز کاریگەری شانۆنامەنووسانی وڵاتانی سکەندناڤیا، بەتایبەتی ستریندبێری سوێدی و ئیبسنی نەرویژی بەسەرەوە بووە و خۆیشی بە بەردەوام پێی لەم ڕاستییە ناوە. هەر لەم ڕووەوە شانۆنامەی "ئیمپراتۆر جۆنز" زیاتر کاریگەریی شانۆنامەی "بەرەو دیمەشق" و شانۆنامەکانی تری شانۆی ژووری ستریندبێری پێوە دیارە، نەک ڕێبازی گوزارشئامێزەکانی ئەڵمانیا.

ئیمپراتۆر جۆنز کەسایەتییەکی ڕەشپێستی ئەمریکییە و وەک خزمەتکار کاری کردووە، بەڵام دوای یەکێک لە تاوانەکانی ناچار دەبێت لە دەست یاسا ڕابکات و خۆی بگەیەنێتە یەکێک لە دوورگەکانی ڕۆژئاوای هیند. لەوێ دەبێتە دیکتاتۆر بەسەر دەوەننشینە ساکار و هەژارەکانی ئەو ناوچانەدا. ئەم ڕەشپێستە بە



فێڵ و زیرەکیی خۆی، بۆ نموونە دروستکردنی ئەفسانەی گوللەی زیوییەوە، دەتوانێت خەڵکەکەی بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و بەدەستێکی پۆڵایین حوکمیان بکات. ئیمپراتۆر جۆنز بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو تەنیا بە گوللەی زیو دەمرێت.

جۆنز:

ئەمە دوا فروفێڵە و دەشزانم سەرناگرێ. هەر بۆیەشە گوللەی زیوم بۆ خۆم داڕشت تا پێیان بڵێم کەی خۆمی پێ دەکوژم. ئەمەیان پێ دەڵێم، چونکە دەمەوێ بۆیان بسەلمێنم من تاقە مرۆڤێکی گەورەم لەم دنیایەدا و کەسێکی لە خۆم گەورەتر نییە بتوانێ بمکوژێ.

شانۆنامەی (ئیمپراتۆر جۆنز) دیمەنی (١)

جۆنزی ئیمپراتۆر دوای تاڵانکردن و کوشتنی ئەو خەڵکە، دەوەننشینەکان لێی هەڵدەگەڕێنەوە و لە کاتێکدا کە جۆنز هەوڵ دەدات بە شەو لە ڕێگەی دارستانەکانەوە ڕابکات، دوای دەکەون تا تۆڵەی لێ بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەکەونە تەپڵ لێدان و جادووگرتنەوە.

جۆنز:

..... ئەرێ ئەم زرم و هۆڕە چییە؟ بۆ ئەم تەپڵە دەکووتن؟

سمیسەرز:

(بە کینەوە دەگرژێتەوە) بۆ تۆیە، بۆ تۆ. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئاهەنگەکەیان دەست پێ کرد. لەوەوپێش ئەمەم بیستووە و

دەزانم چییە.

جۆنز:

ئاهەنگ؟ کام ئاهەنگ؟

سمیسەرز:

ئەم قولەڕەشە نەگریسانە پێش ئەوەی بەدوات بکەون کوڕ دەبەستن و سەمای جەنگ دەست پێ دەکەن تا ورە و ئازایەتی لە ناخیاندا بێتە جۆش.

جۆنز:

چی دەکەن با بیکەن! لەوانەیە سوودی بۆیان هەبێ!

سمیسەرز:

ئێستا خەریکی جێبەجێکردنی فەرمانی ئاینی بتپەرستانەی خۆیانن، پەنا دەبەنەبەر جادوو و ئەفسوونی شەیتانی تا یارمەتییان بدات دژ بە گوللە زیوەکەت...

شانۆنامەی (ئیمپراتۆر جۆنز) دیمەنی (١)

بەو شێوەیە و بە دەنگی تومبە تومب بە درێژاییی شەو دوای دەکەون تا بیگرن.

هێدی هێدی و لەسەرخۆ ئیمپراتۆر جۆنز ڕادەکاتە جیهانێکی نادیارەوە، لە کۆتاییدا تەنانەت جلوبەرگەکانیشی لەبەردا نامێنێت. جۆنز سەرلەنوێ لە ئیمپراتۆرەوە دەبێتەوە بە کۆیلە، لە خۆهەڵکێشان و کەسێکی خۆ بەزلزانەوە ڕووبەڕووی ڕاستی ژیانی خۆی دەبێتەوە و گەشتی خۆناسین دەکات. دارستان و شەویش بەرجەستەی بەرتەسکی ئەم کارەکتەرە دەکەن. جۆنز هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونی



نییە، ئەوە خودی خۆیەتی، ڕابردووی، چارەنووسی وەک مرۆڤ و وەک ڕەگەز، کە لەو تەنیاییەدا ڕاوی دەنێت، ڕادەکات و ڕادەکات بەبێ ئەوەی لە شوێنی خۆی بجووڵێت.

شانۆنامەکە بریتییە لە هەشت دیمەن، دیمەنی یەکەم بە شێوەیەکی واقیعی دەست پێ دەکات و لە دوا دیمەنیشدا هەر بە شێوەیەکی واقیعی کۆتایی دێت، شەش دیمەنەکەی تر، دیالۆگەکانی جۆنزن، بە شێوەیەکی چڕ و گوزارشتئامێز روحی جۆنز شی دەکەنەوە و تەنیا لە دیمەنی یەکەم و دیمەنی کۆتاییدا کارەکتەری تر دەردەکەون.

شانۆنامەی "ئیمپراتۆر جۆنز" لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆجییە سەبارەت بە ترس و سایکۆلۆجییەتی ترس و هێماگەلێکە بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی. یوجین ئۆنێل بنەماکانی کۆنائاگایی بۆ کارەکتەری جۆنز بەکار دێنێ، جۆنز دیکتاتۆرێکی بچووکە و ئێستا لەدەست ئەوانەی کە چەوساندونییەتەوە ڕای کردووە. یوجین ئۆنێل بە تەکنیکە دەربڕین ئاساکەی بەرجەستەی هەست و هۆشە خەیاڵاوییەکەی جۆنز دەکات، ڕابردوویەکی نزیکی و ڕابردوویەکی ڕەگەزپەرستانەی وەک مرۆڤێکی ڕەش دەردەخات. ئەو لەخۆباییبوون و خۆهەڵکێشانەی جۆنزی ئیمپراتۆر جۆرە مۆرالییەتێکی دووفاق لەخۆ دەگرێت، لە لەخۆباییبوونەوە بۆ دارمان و کەوتن، ئەم گەشتە گرانەش چەندین کەناڵی کۆمەڵایەتی، سیسۆلۆجی و سیکۆلۆجی دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی مۆدێرن بەرجەستەی ئەو مرۆڤەمان بۆ دەکات کە هێدی هێدی دەکەون، دەروخێن و روحیان پارچە پارچە دەبێت.

جۆنز لەم گەشتە ترسناکەیدا ڕووت دەبێتەوە و لە هەموو شتێک دادەماڵرێ، لە ڕەگەزی خۆی و لەبری ئەوە دەبێتە بوونەوەرێکی

ونبووی بێ پێناس و لە جیهانی ترس و شێتێتیدا بزر دەبێت: لە تاریکیدا چەندین فیگوری ترسناکی جۆراوجۆری لێ پەیدا دەبێت، ئەمەش بەشێک یان هەموو ژیانی خۆیەتی، دیمەنە کورتەکان و وێستگەکانی ژیانی تێ دەپەڕێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا چارەنووسی کۆیلەیەکی ڕەش ڕووبەڕووی خاوەنی کێڵگە و شینایی کەران، جارچی، کۆیلەکانی تر، جادووگەرێکی کۆنگۆیی و خاوەندی تیمساحمان دەکاتەوە.

## یوجین ئۆنێل و سەرچاوەکانی ئیمپراتۆر جۆنز

یوجین ئۆنێل ئاماژەی بەوە داوە کە بیرۆکەی نووسینی ئەم شانۆنامەیەی لەو چیرۆکەوە وەرگرتووە کە باسی پادشایەکی ڕەشپێستی کردووە لە "هایتی"، ئەم پادشایە بارودۆخێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی سەبارەت بەخۆی خوڵقاندووە، بۆ نموونە وتویەتی هەرگیز هیچ کەسێک ناتوانێت ئەو بە گوللەی ئاسایی بکوژێت، ئەو خۆی بە گوللەی زێڕ دەکوژێت. بەڵام یوجین ئۆنێل ئەم چیرۆکەی تێکەڵاوی ئەو بەسەرهاتانە دەکات کە خۆی لە گەشتەکانیدا بەرگوێی کەوتوون، بەتایبەتی گەشتەکانی هۆندۆراس و باکوری ئەفەریقا . لەم گەشتانەدا تێکەڵاوی خەڵک بووە و لەسەر زاری چینە میللییەکانی ئەو هۆز و بنەماڵە جۆراوجۆرانەدا و ڕیتواڵە دینی و چیرۆکی تەپڵە ئەفسوناوییەکانی پادشا ڕەشپێستەکانی کۆنگۆی بیستووە.

بنەما و ناوەندە گرینگەکانی ئەم شانۆنامەیە بریتییە لەو مەنەلۆگە درێژەی ئیمپراتۆر جۆنز کە لە کاتی ڕاکردنەکەیدا دەیڵێت، لەم مەنەلۆگەدا جۆنز گوزارشت لە ترس و تۆقانی خۆی دەکات،



بینەرانیش هەموو ئەو شتانە دەبینن کە ئەو دەیانبینێت، لە هەمان کاتدا گوێیان لە دەنگی بەردەوامی تەپڵەکانیشە.

(لە زوورگە دوورەکانەوە دەنگی تومبە تومب بە نزمی و بەردەوامی بە شێوەیەکی کز و لەرزۆک دێ. لە سەرەتادا لەگەڵ لێدانی ئاسایی دڵ هاوڕێکە- ٧٢ جار لە خولەکێکدا- بەڵام هەر لەو کاتەی دەست پێ دەکات تا کۆتایی شانۆگەرییەکە بەردەوام خێراتر دەبێت.)

شانۆنامەی (ئیمپراتۆر جۆنز) دیمەنی (١)

ئەم دەنگەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بینەران دەبێت، ئەمەش یەکێکە لە توخمە گرینگەکانی ڕێبازی گوزارشتئامێز، لە ڕوانگەی سترەکتوری دیمەنی خێراوە، هەروەک کامێرای سینەمایی دیمەنەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەڵوێستەیەکی ئاسایی سینەماییش تێکەڵاوی ئەو دیمەنە خێرایانە دەبێت و بەم شێوەیە دەبنە تەواوکەری یەکتری: ڕاونانی ئەو مرۆڤە تەنیایە.

لە یەکەم دیمەنەکانی ئەم شانۆنامەیەدا و بەر لە گەشتە تۆقێنەرەکەی ئیمپراتۆر جۆنز، ڕووبەڕووی دیالۆگێکی جۆنز دەبینەوە لەگەڵ پیاوێکی سپیدا بەناوی "سمیسەرز"ی بازرگان. ئەم کارەکتەرە هەندێک تەمومژاوییە و لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوە و هێرش دەکاتە سەر ڕەشپێستەکان و بە بەرازی گێل ناویان دەبات:

سیمسەرز:

نەفرەت لێ کراوینە، بێ مێشکانە، مێشک بۆگەن، خۆتان وەک

بەراز بێ مێشکن! گەورە و بچووکتان، هەی قوولەڕەشی هیچ نەزانینە!

شانۆنامەی (ئیمپراتۆر جۆنز) دیمەنی (٨)

ئەم کارەکتەرە هۆشیارە، بڕوای بە دەسەڵاتی تەپڵەکان نییە و ڕۆڵەکەشی لە نێو ڕووداوەکاندا، بەرجەستەکردنی بەهاکانی ماتریالیزمییە و بەهیچ شێوەیەک بڕوای نە بە ئاین و نە بە سیکۆلۆجی نییە و بە تەواوەتی لە سروشت دابڕاوە و کەسایەتییەکی ڕەگەزپەرستە.

کارەکتەری سیمسەرز بە تەواوەتی پێچەوانەی کارەکتەری ئیمپراتۆر جۆنزە، ئێمە لە ڕوانگەی ڕووداوەکانەوە، زیاتر و زیاتر هەست بە ئازارەکانی جۆنز دەکەین. تەنانەت جۆرە لایەنگیرییەک لەلای بینەران دروست دەبێت و خۆشمان لە ئازارەکانی ئەودا دەدۆزینەوە.

یوجین ئۆنێل وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەردوو شانۆنامەی ئیمپراتۆر جۆنز و گۆریلا دوو نموونەی ئەو شێوازەن کە بە "سوپەر ناتورالیزم" پێناسەی کردوون، بێگومان ئەم پێناسەیەش لە پێچەوانەیەکی راستەوخۆی واقیع هیچ شتێکی تر ناگەیەنێت، بەڵام ئەوەی کە ئەم دوو شانۆنامەیە کۆدەکاتەوە ئەوەیە کە هەردووکیان لە ڕووی فیکری و ناوەڕۆکەوە، بەشێوەیەکی سیکۆلۆجی قووڵ، شیکردنەوەیەکی راستەوخۆی دەروونی مرۆڤن و هەردووکیان بە تەکنیکێکی شانۆیی و دەربڕین ئاسای بەرز نووسراون. ئەوەی جێگەی ئاماژەکردنیشە ئەوەیە کە یوجین ئۆنێل بە شێوەیەکی باڵا بنەما ناتورالیستییەکان دەبەستێتەوە بە هێڵێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی و ئەم دوو توخمە تێکەڵاو دەکات و لە نێو ڕووداوەکاندا موتوربەیان دەکات.



# ئیمپراتۆر جۆنز:
# ململانێی نێوان دیکتاتۆر و گەلێکی ڕەشورووت

نووسینی: د. ئازاد حەمە شەریف

شانۆیی "ئیمپراتۆر جۆنز" بە یەکێک لە شانۆنامە هەرە گرینگە ئێکسپرێشنیستی "تعبیری"یەکانی گەورە شانۆنامەنووسی ئەمریکی یوجین ئۆنێل (١٨٨٨– ١٩٥٣) دادەنرێت. گرینگی ئەم شانۆییە نەک تەنیا لەبەر بەهێزی و گەرموگوڕی ئەو بابەتەیە کە کرۆکی شانۆییەکەی لەسەر هەڵنراوە– کە ململانێی بێ پسانەوەی نێوان دیکتاتۆرێکی رەشپێستی «بیروباوەڕ و روانین سپیپێستانەیە» دژ بە نەتەوەیەکی دواکەوتووی رەشپێستی دەوەننشین، بەڵکو گەلێ شتی تر بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو شانۆییە بگاتە ئەو ئاستە جیهانییە بەرزە، لەوانەش شیکردنەوەی قووڵی دەروونی پاڵەوانەکان، ململانێی چینایەتی و بەکارهێنانی هێمای بەهێز و تەکنیکی نوێباو و... هتد.

هەر لە سەرەتای شانۆییەکەوە "ئۆنێل" ئەوە پیشان دەدات کە "برۆتۆس جۆنز"ی پاڵەوانی ئەم شانۆییە بە فڕوفێڵ و ساختەکاری توانیویەتی مێشکی سادە و ساویلکەی دوورگەنشینەکانی "وێست ئیندیس" بخەڵەتێنێت و بە چەندین شێوازی جیا جیا لە خشتەیان ببات. ئەگەر چی هەردوو لا – چ "جۆنز" و چ دوورگەنشینەکان رەشپێستن، بەڵام چونکە "جۆنز" لە ئەمریکا گەورە بووە و بە کولتوور

و بەهاکانی ئەوێ گۆشکراوە، ئەو لە چاو خەڵکانی ساویلکەی ئەو دوورگەیە زۆر چاوکراوە و فێڵباز و بێ بەزەییترە. هەموو لایەکیش ئەوە بەباشی دەزانێت کە کولتوور و "شارستانیەتی" ئەمریکا پایەکانی خۆی لەسەر سەرمایەداری و چەوساندنەوە و فرۆفێڵ و ساختەکاری دامەزراندووە.

بێگومان "برۆتۆس جۆنز"ی دەستنێژی ئەو سیستەمە هەڵگری هەمان ئەو بەهایانەی سەرمایەداری و چەوساندنەوە و ساختەکارییە. هەر ئەمەشە یارمەتی "جۆنز"ی هەڵاتوو لە زیندانەکانی ئەمریکا دەدات تەنیا لە ماوەی دوو ساڵدا خۆی لەسەر ئەو خەڵکە هەژار و نەزانەدا بکاتە سەرکردە و سەرۆک و ئیمپراتۆر.

جا کەسێک بەم جۆرە بوو بێتە ئیمپراتۆر، هیچ گومان لەوەدا نییە کە تۆزقاڵێک سۆز و بەزەیی بۆ ئەو خەڵکە بەسەزمانە نابێت کە بە ڕەنج و ماندووبوونی ئەوان لەوپەڕی خۆشیدا ژیان بەسەر دەبات. ئەو بەردەوام زاڵمانە دەیانچەوسێنێتەوە و خوێن لە لاشەیان وشک دەکات. ئەو جاران وەکو کۆیلە لە ئەمریکا چەوسێنرابووەوە، لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ دوورگەنشینە بەسەزمانەکان بەدڵنەرمی و هەستی پڕ مرۆڤایەتی بجووڵێتەوە، ئەو بەپێچەوانەوە، بەوپەڕی دڵڕەقییەوە دەجوڵێتەوە و لە کۆیلە خراپتریان لێ دەکات و خۆی لەسەریان دەکاتە "خوا"یەکی هێندە بە توانا کە کەس پێی ناگات.

جا بۆ پاراستنی خۆی و چاوترساندنی خەڵک، "ئیمپراتۆر جۆنز" پڕوپاگەندەی ئەوە لە ناو خەڵک بڵاو دەکاتەوە کە هیچ کەسێک ناتوانێت ئەو بکوژێت بە خۆی نەبێت و هیچ گوللەیەکی قورقوشمیش جەستەی پیرۆزی ئەو نابڕێت جگە لە گوللەی زیو. «هەڵبەتە گوللەی



زیو لە ئەفسانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا توانای هەیە ڤامپایەر- گیانەوەری شەمشەمە کوێرەی خوێنمژ بکوژێت»، بەڵام ئەم بارە نائاساییە وەک چۆن بۆ هیچ دیکتاتۆرێک نەچووەتە سەر بۆ "ئیمپراتۆر جۆنز"یش ناچێتە سەر. گوتەیەکی بەناوبانگی یەکێک لە سەرۆکەکانی ئەمریکا هەیە دەڵێت "دەتوانیت بۆ ماوەیەک فێڵ لە هەموو خەڵک بکەیت، هەروا دەتوانیت بۆ هەمیشە فێڵ لە هەندێک خەڵک بکەیت، بەڵام کەس ناتوانێت هەمیشە فێڵ لە هەموو خەڵک بکات."

لە سەرەتادا دوورگەنشینانی "وێست ئێندیس" تا ماوەیەک باوەڕ بە هەموو قسە و گوتارەکانی "ئیمپراتۆر جۆنز" دەکەن. بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵکەکە هۆشیار دەبنەوە و پێچەوانەی قسەکانی دیکتاتۆر دەبینن و تێ دەگەن ئەوان چۆن لەلایەن "ئیمپراتۆر جۆنز"ی سەرۆکی خۆیان هەڵخەڵەتێنراون. بۆیەش هەرچەندە ئاستی هۆشیاری ئەوان بەرەو سەرەوەتر دەچێت، پایە و هێز و شکۆی "ئیمپراتۆر جۆنز" بەرەو خوار دەچێت.

بلیمەتی "ئۆنێڵ" لەوە دایە کە شانۆییەکەی لە جێگەیەکی وا دەست پێ کردووە کە توانا جەستەیی و هزرییەکانی "ئیمپراتۆر جۆنز" لە دابەزین دایە و ڕووەو لێژی دەچن، بە پێچەوانەش ئاستی هۆشیاری و ئامادەییی خەڵک لە هەڵکشاندایە و ڕووەو هەوراز دەچێت. جا هەرکاتێک تەرازووی هێز لە نێوان خەڵکانی ڕەشوڕووت و سەرۆک بەو ڕادەیە بگات، ئەوا مسۆگەر یاخیبوون و دواتریش ڕووبەڕووبوونەوە ڕوو دەدات.

دوای ئەوەی "ئیمپراتۆر جۆنز"ی زۆرزان دەزانێت گلۆڵەی کەوتووەتە لێژی و دوورگەنشینە ڕەشوڕووتەکان چی تر لە وزەیاندا نەماوە

بەرگەی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری بگرن، ئەوا بڕیاری هەڵاتن دەدات. بەڵام ژیانی خۆش و پڕ حەسانەوەی ئیمپڕاتۆرایەتی زۆرێک لە توانا جەستەیی و هزرییەکانی "ئیمپراتۆر جۆنز"ی جارانی کەم کردووەتەوە. کەچی ئەو بەخۆی هەست بەو لەنگییە ناکات و هەر بە پێودانگی جاران لێ دەخوڕێت. هەر ئەمەشە وا لە "ئیمپراتۆر جۆنز" دەکات بکەوێتە ناو سەنگەری جەنگێکی نابەرامبەر کە لەو جەنگەدا خۆی بە تەنیایە و هەموو خەڵکەکەش دژیەتی.

بەڵام وەک بەشێک لە سایکۆلۆجیەتی هەموو دیکتاتۆرەکانی دنیا، "ئیمپراتۆر جۆنز" بڕوایەکی کوێرانەی بە توانا جەستەیی و هزرییەکانی خۆی هەیە، هەر بۆیەش بڕیار دەدات بە تاقی تەنیا ڕێگەی ناو دارستان بگرێتەبەر ئەگەرچی وەک زۆر لە ڕەخنەگران دەبینن کە ناو دارستان هێمای ناو مێشکی "ئیمپراتۆر جۆنز" پیشان دەدات. چونکە لەوێ سەرتاپای ڕابردووی "ئیمپراتۆر جۆنز" هەر لە کۆلایەتییەوە قۆناغ بە قۆناغ دەگێڕدرێتەوە. لەوێ ئەو ڕابردووە تاڵە، بە هەموو وردەکاری و نەهامەتی و ململانێ و کوشتنەکانی دێنە بەرچاوی و هەر ئەوانیشن وای لێ دەکەن مێشکی تێک بچێت و ڕێگەی ناو دارستانی لێ ون بێت و تەقە بە ڕابردووی خۆیەوە بنێت. ئەو ڕابردووەی هەمیشە ئەو ویستوویەتی لێی ڕا بکات و هەرگیز لە دەستی دەرباز نەبووە.

کاتێک "برۆتۆس جۆنز" دەچێتە ناو دارستان، ئەو بە قۆناغەکانی مێژووی باب و باپیرانی خۆی و مێژووی خۆیدا تێپەڕ دەبێت. ئێستا لە ناو لانکەی ڕەسەنایەتی خۆیدایە. ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ئەوان لە دارستانەکانی ئەفریقیا گیران و بەناو دەریایەکاندا بەرەو دنیای نوێ



بردران و لەوێ وەکو کۆیلە فرۆشران و زیندانی کران و وەکو ئاژەڵ و گیانەوەری کێوی مامەڵەیان لەگەڵ کرا. ئێستا زۆر زەحمەتە ئەوان بە هەمان ڕێگە بگەڕێنەوە مەڵبەندی ڕەسەنی باب و باپیرانی خۆیان و ئازادی کەسایەتی جاران بەدەست بێننەوە.

ڕابردووی "ئیمپراتۆر جۆنز" ڕابردووی زۆربەی ڕەشپێستەکانی ئەمریکایە، ئەگەرچی ئەوان بەدرێژاییی مێژوو خۆیان لەوێ چەوسێنراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بە جۆریک لە جۆرەکان ئەو کولتوورە دەپەرستن و تێیدا تواونەتەوە و بوونەتە پارچەیەک لەم کولتوورە. سەرەڕای ئەمەش، ئەو کولتوورە خەڵکانی ڕەشپێست بە بەشێک لە خۆیان نازانێت و هەمیشە بە چاوی بێگانە تەماشای ئەوانی کردووە و، هەر ئەمەشە وایان لێ دەکات هەست بە نامۆییەکی گەورەی روحی بکەن – ئەوان لە سەرەوەڕا بەشێکن لە ئەفریقیای ڕەش، بەڵام بەهێز و بە مێشک ئەوان بەشێکن لە ئەمریکای سپیپێست. ئەم ململانێیە لە ناخی زۆربەیان جینگڵە دەدات و کۆتاییەکەشی زۆربەی جار بە سەرکەوتنی جەستەیی بەسەر لایەنی هزری و روحیدا دەبێت. کوشتن و لەناوبردنی "ئیمپراتۆر جونز" بە دەستی ڕەشپێستەکانی دوورگەی "وێست ئێندیس" بریتییە لە سەرکەوتنی کولتووری ئەفریقی بەسەر کولتووری ئەمریکی لە ناخی هەموو ڕەشپێستێکدا.

لەم شانۆیەدا، دژایەتییەکی بە ئاشکرا و بە هێما لە نێوان ڕەشپێست و سپیپێستدا هەیە، هەر لە سەرەتای شانۆیەکەوە، لەگەڵ پەردە کرانەوەدا، "جۆنز"ی ڕەش لە ململانێ و دووبەرەکی دایە لەگەڵ "سمیسەرز"ی سپی. "جۆنز" مرۆڤێکی کەتەی تێکسمراوی نەقۆڵایە و

"سمیسەرز" کابرایەکی رەقەڵەی لاوازە. "جۆنز" گێلایەتی پێوە دیارە و لەلایەنی هۆشمەندییەوە خاو و خلیچکە، بەڵام لە لایەنی جەستەییەوە پڕ توانا و هێزە. بەپێچەوانەش "سمیسەرز" لەلایەنی جەستەییەوە لاواز و بێ هێز دەردەکەوێت، بەڵام لەلایەنی بیرییەوە وریا و زرنگە و ئاگای لە هەموو جووڵە و بزاڤێکی دەوروبەریەتی، رەنگیشە هەر ئەو بووبێت رەشپێستە دوورگەنشینەکانی لە بارەی درۆ و دەلەسە و ئەفسانەکانی "ئیمپراتۆر جۆنز" ئاگەدار کردبێتەوە و هەر ئەویش هانیانی دابێت لێی هەڵبگەڕێنەوە، چونکە لە کۆتاییی شانۆگەریەکەدا ئەو لەگەڵ خەڵکە رەشوڕووتەکەدایە کە راوەدووی "ئیمپراتۆر جۆنز"یان ناوە و زۆر زوو دەگاتە سەر لاشەی کوژراوی ئیمپراتۆر.

رەنگ لەم شانۆیەدا رۆڵێکی گەورە دەبینێت، رەنگی سوور و رەش و سپی سەرتاپای شانۆیەکەی گرتووەتەوە. رەنگی سوور خوێن و یاخیبوون و رق و تۆڵە دەنوێنێت. رەنگی رەش ئەفسانەخوازی و جەستەپەرستی و جیهانی ناهەست و واڕسکی کۆمەڵخوازی و بێهۆشی و نەزانی دەنوێنێت. کەچی رەنگی سپی تاکڕەوی، مادەپەرستی و خۆپەرستی و جیهانی هزر و هۆشداری و لێزانی و ئاین و فروفێل دەنوێنێت. "جۆنز" لە نێوان هەردوو جیهاندا لێکهەڵبڕاوە. ئەو بە جەستە و هەست واڕسک و دڵ و دەروون خۆی لە باوەشی دنیای رەشپێستاندا دەبێنێتەوە، بەڵام بە بیر و هزر و بەها سەر بە دنیای سپیپێستەکانە. "جۆنز" هەرگیز ناتوانێ بەتەواوی خۆی لە دنیای رەشپێستەکاندا رزگار بکات. سەرەتاکەی ئەو لەو دنیایە دەستی پێ کردووە بۆیەش هەر دەبێت لەوێ کۆتاییی پێ بێت. سەرئەنجام "جۆنز" و ئەفسانە درۆزنەکەی لەوێ لەناو دەچێت.



"برۆتۆس جۆنز" هەرچەندە هەوڵ دەدات لە میراتی کولتووری رەشپێستەکاندا رزگاری ببێت تاکو ببێتە سپی و دنیا و بەهاکانی خۆی بە دنیا و بەهاکانی سپیپێستەکان بگۆڕێتەوە، بەڵام کوشتنی "جۆنز"ی رەشپێست بە دەستی رەشپێستەکان ئەو پەیامە دەگەیەنێ کە تاماوەیەکی دوورودرێژ زۆر زەحمەتە رەشپێستەکان بتوانن لە سایکۆلۆجیەتی مێگەلایەتی رەشپێستانەی خۆیان رزگاریان ببێت و ببن بە کەسانی تاکخواز.

گێلایەتی "ئیمپراتۆر جۆنز" لەوەدایە، ئەگەرچی خۆی رەشپێستە، لە ناو دارستانەکەدا دەیەوێت بەهۆی ئەو بەردە سپییانەی کە بە نیشان دای نابوون، هەم خواردنی شاردراوەی ناو قووتوو و هەم رێگەی خۆی بدۆزێتەوە. بەڵام نە بەردە سپییەکان «کە هێمای شارستانی سپین» و نە بەهاو کولتووری "سپیپێستەکان" کە "ئیمپراتۆر جۆنز" لە ئەمریکا لەسەری پەروەردە کراوە دادی دەدەن، چونکە رەشپێستە راستەقینەکان بەهیچ شێوەیەک ئامادە نین کولتووری دووڕەگ پەسەند بکەن کە "ئیمپراتۆر جۆنز" هێمایەتی. هەربۆیەش بۆ پارێزگاریکردن لەو کولتوورە دەبێ قوربانی بە کەسانی وەکو "ئیمپراتۆر جۆنز" بدرێت و لەناو ببرێت.

ئەوەی کە ماڵوێرانی بەسەر "ئیمپراتۆر جۆنز" هێنا لووتبەرزی و هەستی یەگجار لەخۆبایی بوون و بڕوابەخۆبوونێکی کوێرانەی ئەو بوو، چونکە ئەو بەخۆی دەڵێت"من ئیمپراتۆرم و یاساش بەسەر ئیمپراتۆر ناسەپێ." (دیمەنی یەکەم، ل ١٠)

دواتر کە سمیسەرز رەخنەی لێ دەگرێت و باسی دزییەکانی یەکتر دەکەن، ئیمپراتۆر جۆنز وا دێتە قسە:

جۆنز:... سمیسەرز چاک گوێ بگرە چی دەڵێم. دزیی بچووک هەیە وەک هی تۆ و دزیی گەورەش هەیە وەک هی من. بۆ دزیی بچووک ئەمڕۆ نا سبەی دەتگرن، کەچی بۆ دزیی گەورە دەکەنە ئیمپراتۆر و لە ناو کۆشکی شکۆدا بە سەربەرزی دەنەڕێنی....(دیمەنی یەکەم، ل١٠)

لەو شانۆگەرییەدا سوودێکی زۆر لە تەکنیکەکانی ئێکسپرێشنیزم وەرگیراوە، چونکە ئەوەندەی خەون و ناخ و دەروونی "ئیمپراتۆر جۆنز" دەبینین هێندە دەربارەی روخساری دەرەکی ئەو کارێکتەرە نازانین. هەموو ترسەکانی "ئیمپراتۆر جۆنز" وەکو «ترسە شێوە نارێکەکان»، "جێف" و "دوکتۆری کۆنگۆیی" و هەموو دیمەنە مۆتەکەییەکانی ناو دارستان، بوونی راستەقینەیان نییە. ئەوانە تەنیا رابردوو و ناخی "ئیمپراتۆر جۆنز"ن و لەو ساتە خەمبارەدا و لەو بارودۆخە پڕ مەترسییەدا دێنە بەرچاوی و ئازاری دەدەن و دەیترسێنن و بەرەو هەڵدێری دەبەن.





سەرچاوەکان:

1- Diya M. Abdo, "Emperor Jones: A Struggle for Individuality", **The Eugene O'Neill Review**, Vol. 24 Nos, 1 &2 (Spring/ Fall 2000) www. eOneill. com (Accessed June 20, 2009)

2- Gabriele Poole, "Blasterd Niggers! The Emperor Jones and Encounters with Africa", **The Eugene O'Neill Review**, Vol. 18. Nos, 1 & 2 (Spring/ Fall 1994) www.eOneill.com (Accessed June 20, 2009)

3- Heywood Brown, "The Emperor Jones" in Maria T. Miliora (ed), **Narcism, the Family and Madness: A Self-Psychological Study of Eugene O'Neill and His Plays** , (New York: Peter Lang Publishing Inc. , 2000).

4- Eugene O'Neill, **Nine Plays**, (New York: The Modern Library, 1952).

# ئیمپراتۆر جۆنز

**کارەکتەرەکان:**

پرۆتۆس جۆنز: ئیمپراتۆر.

هێنری سمیسەرز: بازرگانێکی ڕەمەکی.

پیرێژنیکی دوورگەنشین.

لێم: سەرۆکی دوورگەنشینان.

کۆمەڵە سەربازێک: پشتیوانانی لێم.

ترسی شێوە نارێکی بچووک، جێف، قولەڕەشی بەندکراو.

زیندانەوان، خاوەن کێڵگە و شینایی کەران، جارچی، کۆیلە، جادووگەرێکی کۆنگۆیی، خواوەندی تیمساحان.

ڕووداوەکانی ئەم شانۆگەرییە لە یەکێ لە دوورگەکانی "وێست ئێندیس"دا دەقەومێ، کە تا ئێستا چارەنووسی لەلایەن دەریاوانە سپییەکان دیاری نەکراوە. جا چەشنی فەرمان ڕەوایی لەم دوورگەیەدا، تا ئێستاش، هەر ئیمپراتۆرییە.



## دیمەنی یەکەم

ژووری چاوپێکەوتن لە کۆشکی ئێمپراتۆردا ژوورێکی چۆڵ و هۆڵە، تەواو گەورە و ساپیتە بەرزە، دیوارەکانی سپین. زەمینەی ئەم ژوورە بە کەرپوچی سپی تەخت کراوە. لەلای بنەبانەوە، لای دەستەچەپی ناوەندی ئەم ژوورە، دالانێکی کەوانەیی بە ڕووی هەیوانێک دەکرێتەوە، کۆڵەگەکانی بەر ئەم هەیوانەش سپین. ئەوەی ئاشکرایە ئەم کۆشکە لە سەر بەرزاییەک دروست کراوە. لە بەرامبەر هەیوانەکەوە بێجگە لە دیمەنی پشتێنە زوورگێکی دوور کە تەپڵی سەریان بە دارخورمای چڕ داپۆشراوە قەت چی تر دیار نییە. لە ناوەڕاستی دیواری دەستە ڕاست دەرگەیەکی سەردەرە کەوانەیی بۆ لای بەشی دانیشتنی کۆشکەکە دەچێ. ناو ماڵی ئەم ژوورە کورسییەکی گەورەیە کە لە کۆتەڵەدارێک دروست کراوە و ناوەندی ئەم کۆتەڵە قیت بووەتەوە و پشتیشی بە دیواری بنەبانەوەیە، هەڵبەتە ئەو کورسییەش کە بە ڕەنگی قورمزی چریسکەداری چاوچوزێنەرەوە بۆیە کراوە، تەختی ئیمپراتۆرە. کوشینیکی نارنجی گەش لەسەر تەختەکە دانراوە، یەکێکی لەمیش بچووکتر لە سەر زەوی ڕاخراوە بۆ بەرپێیان. هەر لە بەر پێی تەختی ئیمپراتۆرەوە تا بەر هەردوو دەرگە پارچە رایەخی قورمزی ڕاخراوە.

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگە، بەڵام لە پشت هەیوانەوە هەتاو زەرد دەچێتەوە و هەوایەکی قورس و گەرم هەست پێ دەکرێ. هەرکە پەردە

دەکرێتەوە، ئافرەتێکی قولەڕەشی دوورگەنشین بە پەنادزەوە لەلای دەرگەی ڕاستەوە دێتە ژوور. ژنێکی پیر و کەنەفتە، چیتێکی هەرزانی لە بەرە، پێی خواسە و سەرپێچێکی سووری بەسەر سەری داداوە و بێجگە لە چەند داوەپرچێکی پەرش و بڵاو هیچی تری بە دەرەوە نییە. تێڵایەکی لە سەرشانە و تێلەگەیەکی ڕەنگاوڕەنگی پێوە گرێ داوە. لە بەردەرگە دوودڵی دای دەگرێ، پێیەکی لە پێشە و پێیەکی لە پاش، هەروەک وابێ یەکجار لەوە بترسێ کەسێ بیبینێ بە بێ خشپە دەخزێ. هەر تاو ناتاوێک هەنگاوێک لە بنەبانەوە بۆ بەردەرگە داوێ. ئا لەوکاتەدا سمیسەرز لە بەرهەیوان لێی پەیدا دەبێ.

سمیسەرز زەلامێکی کەڵەگەتی ناوشان خڕی چل ساڵییە. سەرە کەچەڵەکەی دەڵێی سەلکی تووره بە ئێزەگەکەیا شۆڕ بووەتەوە و کەڵەبابی گەردەنیشی دەقاودەق هێندەی یەک هێلکەیە. ئاووهەوای گەرمەسێر دەموچاوە درێژکۆڵە چرچ و لەغەرەکەی پەڵە پەڵە کردووە، کەپووە درێژەکەشی سوور دەچێتەوە. چاوە ڕیپۆقدارە شینەکانی لە پێڵووی سوور ئاخنراون و دەڵێی چاوی گۆڕهەڵکەنن زیتە زیتیانە. لە سەروسەکوتی دیارە پیاوێکی یەکجار چرووک و ترسنۆک و چەپەڵە. بەدلەیەکی سپیی کۆن و دژونی سوارەی لەبەرە و بەلەک پێچی بەستووە. ئاوزینگی لە پێلاوی داوە و تاسکڵاوێکی تەپەدۆری سپی لەسەرە. ڕەختی لە خۆ پێچاوە و دەمانچەیەکی لە بەرپشتێنە و قامچییەکی لە دەستە. ئافرەتەکە دەبینێ، کەمێک دەوەستێ، بەگومان تەماشای دەکات. ئینجا بڕیار دەدا لێی بچێتە پێشەوە، پاشان خێرا بە سەرپەنجە دێتە ژوور. ئافرەتەکە بە بەردەوامی ئاوڕ دەداتەوە، بەڵام تا دەگاتە سەر گیانی هەستی پێ ناکات. هەرکە ئافرەتەکە لە هاتنی



سمیسەرز ئاگەدار دەبێتەوە، سمیسەرز یەک قەڵەمبازی بۆ داوێ و توند پیلی دەگرێ. ئافرەتەکە بە توندی، ئەمان بەهێمنی، خۆی لە دەست ڕادەتەکێنێ.

**سمیسەرز**: (زێتر پیلی رادەکێشێ – بەگڕییەوە)

هەروا بەئاسانی. نا نا، چۆلەکەکەم، وا نابێ، ئێستا ناتوانی لە چنگم قورتاربیت، چاوم لێ بوو چیت دەکرد.

**ئافرەتەکە**: (کە دەزانێ هەوڵدان بێ سوودە، ترسێکی تەواو دای دەگرێ و بەردەبێتەوە سەرزەوی، ئامێز لە ئەژنۆی سمیسەرز وەردێنێ بە دەم پاڕانەوە و نوازانەوەوە)

پێی مەڵێ گەورەم! پێی مەڵێ!

**سمیسەرز**: (بەحەز و پەرۆشێکی تەواوەوە)

بەو بڵێم (پاشان بەتیزەوە) پەھ، مەبەستت خاوەن شکۆیە؟ پێم ناڵێی خەریکی چ فرتوفێڵێک بوویت؟ بۆ بە پەنادزە دەڕۆیشتی؟ وا بزانم دەتویست شتێ بدزیت، وا نییە؟ (قامچییەک دەداتە بان تێلەگەکەی سەرشانی).

**ئافرەتەکە**: (بەناڕەزایی سەر دەلەقێنێ)

نەخێر! دزی لە من ناوەشێتەوە.

**سمیسەرز**:

هەی درۆزنی چەپەڵ! ئادەی پێم بڵێ چ هەیە و چ نییە. دەزانم شتێکی سەیر دەقەومێ. ئیمڕۆ بەیانی بۆنم کرد. داخوا ئێوەی قولەڕەش چ گۆبەندێکتان لە بن سەربێ. ئەم کۆشکە بۆنی خوێنی لێ دێت. کوا ئەو نۆکەرە سەگبابانە لە کوێن؟

(ئافرەتەکە بەڕووگرژی بەبێدەنگ دادەنیشێ. سمیسەرز بە هەڕەشەکردنەوە قامچییەکەی بەرز دەکاتەوە) ئۆهـ، ناتەوێ قسە بکەی، وا نییە! بزانە وات لێ ناکەم مردن بە چاوی خۆت ببینی.

**ئافرەتەکە**: (خۆی کورژ دەکاتەوە)

دەڵێم، دەڵێم، گەورەم، بەس لێم مەدە، هەمووو ڕۆیشتن، هەموویان (هێمای سەر دەموچاوی ئەوە دەنوێنێ کە بەرەو زوورگە دوورەکان ڕۆیشتون)

**سمیسەرز:**

بڵێ بە زوورگان کەوتن!

**ئافرەتەکە:**

بەڵێ، گەورەم، هەرکە ئیمپراتۆر- باوکی گەورەمان (بەخێراییەکی میکانیکی نێوچەوانی بەزەوی دەکات و بەرز دەکاتەوە) فراوینی کرد و نووست، ئەوان ملی زوورگانیان گرت. چونکی من پیر و کەنەفت بووم بەجێمام، ئێستا منیش دەڕۆم.

**سمیسەرز**: (سەرسوڕمانەکەی زۆر چەپەڵانە دەبێتە مایەی دڵخۆشی)

ئەوجا بڵێ ئەوەیان لە بن سەربوو! من هەر لەخۆوە بۆنم کرد کە ئەوان بە زوورگان دەکەون. خۆ پاش دەمێکی تر تومبە تومب دەست پێ دەکات. (بەڕق و کینەوە) ئوخەی! زۆرم پێ خۆش بوو! باش خزمەتت بکەم! هەی قولەڕەشی بۆن بۆگەنی! پف، خاوەن شکۆ، پف! خوا بمپارێزێ! تاقە ئاواتم ئەوەیە ئەو کاتەی دەیگرن دەیبەن بۆ کوشتن لەوێ بم. (لەپڕەوە) ئەو خۆ هێشتا هەر لێرەیە، وا نییە؟



**ئافرەتەکە:**

بەڵێ، خەوتووە.

**سمیسەرز:**

هەر لە خەو هەڵبستێ دەزانێ مەسەلە چییە، زۆر فێڵبازە. دەزانێ کەی گڵۆڵەی دەکەوێتە لێژی. (دەچێتە بەردەرگەی لای ڕاست، پەنجەکانی دەخاتە ناو دەمی و فیکەیەکی قایم لێ دەدات. ئافرەتەکە لە جێی خۆی دەردەپەڕی سەرەتا بەرەو دەرگە، پاشان بۆ لای بنەبان ڕادەکات. سمیسەرز بە دوای دەکەوێ و دەست بۆ دەمانچەکەی دەبات) بوەستە دەنا دەتکوژم! (خۆی دەچەمێنێتەوە بە بێباکییەوە) دەبڕۆ، ملت بشکێ، ئەی مانگای رەش. (لە بەردەرگە دەوەستێ و تەماشای دەکات).

(جۆنز لە لای ڕاستەوە دێتە ژوورێ. قولەرەشێکی کەڵەگەتی تێکسمڕاوە و زەلامیکی کامڵە. شێوەی دەموچاوی دەقاودەق لە هی قولەڕەشەکان دەچێ. بەڵام مۆرکی شتێکی جیاکەرەوە لە سەر دەموچاوی دیارە کە لە ژێرییەوە ورەبەرزی و بڕوا بەخۆبوونێکی گەورەی تێدا دەبینرێ. هەر ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات ڕێزی بگرێ. ترووسکەی زرنگی و فێڵبازییەکی تەواو لە چاوەکانیدا دەچریسکێتەوە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێت لە هەڵسوکەوتیشدا پیتۆڵ و بە گومان لەخۆبواردەیە. چاکێتێکی تەنکی شینی لەبەردایە، سەرشانەکانی بە خەتی زێڕی پان ڕازێنراوەنەتەوە، یاخە و سەردەستەکانیشی بە زێڕ دوورمان ڕێژ کراون. پانتۆڵەکەی سوورێکی کاڵە و هێڵێ شین بە هەردوو

تەنیشتییەوە دوراوە. جووتە پۆتینێکی چەرمینی بریسکەداری بە قـــەیتـــانی لە پێـــیـــەوە دوو نـەقــیـــزەی مـــەفـــرەق بەگۆزینگەکانییەوەن. قایشێکی لەپشتە، دەمانچەیەکی لوولە درێژی دەسک گەوهەر لە کیفکەکەی دایە. هیچ شتێکی سەیروسەمەرە لە شان و شەوکەتی ئەو پیاوە نابینرێ، چونکە توانیویەتی بە تەواوی بەسەرخۆیدا زاڵ ببێ).

**جۆنز**: (کە کەس نابینی– تەواو وروژاوە، بەخەواڵویی چاو دەتروکێنێ – دەنەڕێنێ)

چ مێرێک بوو زاتی کرد بەم چەشنە لە کۆشکی من فیکە لێ بدات! کێ بوو زاتی کرد ئیمپراتۆر وەئاگا بینێ؟ سوێندم بە یەزدان، خاک و خۆڵتان لە توورەگە دەکەم، هەی قولەڕەشی نەگریسینە؟

**سمیسەرز**: (خۆی نیشان دەدات – بە شێوەیەک دەترسێ و لە هەمان کاتیشدا بە بەڕووهەڵشاخینەوە)

من بووم فیکەم لێ دا. (کە جۆنز بەتووڕەیی ڕووگرژ دەکات) چەند هەواڵێکی گرینگم پێیە.

**جۆنز**: (بەنەرمی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕق و کینەی بەرامبەر ئەو پیاوە سپییە ناشارێتەوە)

بڵێ ئەوە تۆ بوویت مستەر سمیسەرز (بەسەنگینی و بێ خۆشێلوکردن لەسەر تەختەکەی دادەنیشێ) چی دەزانی، ئادەی پێم بڵێ!

**سمیسەرز**: (لێی نزیک دەکەوێتەوە، تا لە پەشۆکاوی ئەم لەزەت ببینێ)

ئەمڕۆ هەستت بە هیچ شتێکی سەیر نەکردووە؟



**جۆنز**: (بەساردی)

شتی سەیر؟ نەخێر هەست بە هیچ شتێکی وا ناکەم؟

**سمیسەرز**

کەواتە ئەوەندە پیتۆڵ نیت وەک لێتم ڕادەبینی. کوا دەست و دایەرەکەت لە کوێن؟ (بە تێزپێکردنەوە) کوا جەنەراڵ و شالیار و گزیرەکان، کوا؟

**جۆنز**: (بەبێ خۆتێکدان)

بۆ ئەو شوێنە چوون هەر کە چاو لێک دەنێم ئینجا لەوێ خۆ لە شەرابی (ڕەم) مەست دەکەن و دەست دەکەنە فشە و قسەی زل. (بە تیزپێکردنەوە) چما تۆش نازانی؟ ئەی تۆش هەموو ڕۆژێ لەگەڵ ئەوان خۆت مەستی شەراب ناکەیت؟

**سمیسەرز**: (ئازار دەخوات – کەچی وا دەنوێنێ پەروای پێ نییە – بە چاوداگرتنەوە)

ئەمە بەشێکە لە ئیشی ڕۆژانەم ئاخۆ منیش لە ئیش و کارەکەمدا ماندوونابم؟

**جۆنز**: (بە نزم تێ ڕوانینەوە)

کار و ئیشت!

**سمیسەرز**: (تەواو پەشۆکارە)

خوا ئاگەدارم بێ، لە بیرتە کە سەرەتا هاتییە ئێرە و لەگەڵ خۆم بۆ ئەو شوێنەم بردی، هەر ئەوەندە نەبوو لە خۆشییان بفڕیت. هەینێ ئەو هەوا و فیزەی ئێستات نەبوو.

**جۆنز**: (خێرا دەست بۆ دەمانچەکەی دەبات بەهەڕەشەوە)

ئاگات لە دەمت بێ هەی پیسی چەپەڵ! ئاگات لە دەمت بێ، دەڵێی ئەوەت لە بیرچووە کە من لێرە سەردارم؟

(پیاوە ڕەمەکییەکە دەیەوێ دوا ڕستەی بەو ڕاستییانەی دەزانێ بەرپەرچ بداتەوە. بەڵام چاوە بەترسەکانی ئەوی تر زمانی دەبەستێ و سامی بە سەردا دەڕێژێ)

**سمیسەرز**: (بەنووزەیەکی ترسنۆکانەوە)

نیازم وانەبوو لە شان و شەوکەتت دابگرم، ئەی خاوەن شکۆ.

**جۆنز**: (بە خۆداگرتنەوە)

نزا و پاڕانەوەکەتم پەسند کرد. (دەست لە دەمانچەکەی دەکێشێتەوە) کای کۆنە بە باکردن سوودی نییە. وەختی خۆی چی بووم شتێکە و ئێستا چیم شتێکی ترە. چونکە کەس کوڕی دوێنێ نییە. ئەوکات کە ئیشت پێ کردم لە چاکی خۆت نەبوو. چونکە تەنیا من بووم چەپەڵترین کارم بۆ هەڵدەسووڕاندی بێجگە لەو سەرئێشە و دڵەکوتێیەی تووشی دەبووم. ئیشت پێ کردم، چونکە گەنجینە بووم بۆ تۆ، هەر ئەمەش ڕاستییەکەیەتی.

**سمیسەرز**:

باشە، خوا ئاگەدارم بێ، ئەدی هەر من نەبووم جێ پێیەکم بۆ کردیتەوە لە کاتێکا کەسی تر ڕای نەدەگرتیت مەبەستم لە چیرۆکی هەلاتنەکەتە لە بەندیخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان.

**جۆنز**:

نەخێر، لێت ڕازی نابم لەبەر ئەو مەسەلەیە بەنزمی تەماشام



بکەیت. خۆشت جارێک زیاتر بەندکراویت.

**سمیسەرز**: (بەتووڕەیی)

درۆیە! (دەیەوێت ئەم باسە بگۆڕێ بە هۆی گاڵتەپێکردنەوە) هەی فەرمەسۆن، کێ ئەو چیرۆکە سەیرەی پێ گوتی؟

**جۆنز**:

هەندێک شت هەن پێویست ناکا کەس پێم بڵێ. لە چاوی خەڵک دەیانخوێنمەوە. (پاش تۆزێک وەستان – بەبیرکردنەوە) بێ گومان، تۆ جێ پێیەکت بۆ کردمەوە و ڕات گرتم. بەڵام زۆری پێ نەچوو تا توانیم چی بمەوێ لەگەڵ ئەو قولەڕەشە دەوەننشینانە بکەم. (بە بەخۆنازینەوە) تەنیا لە ماوەی دوو ساڵدا توانیم لەلات و خوێڕییەک ببمە ئیمپراتۆر. ئەمەش مایەی خۆشبەختیمە.

**سمیسەرز**: (بەتاسە و حەزێکەوە)

دڵنیاشم لەوەی کە یەک کۆشە پارەت لە شوێنێکی تەقەت شاردووەتەوە.

**جۆنز**: (بەکەیفەوە)

بێگومان وایە! لە بانقێکی بیانیم داناوە کە بێجگە لە خۆم کەس مافی ئەوەی نییە وەری بگرێ. دەترسم وا بزانی بوونم بە ئیمپراتۆر لە بەر شان و شەوکەتەکەیەتی، وا نییە؟ بێگومان ئەویش بەشێک بوو لە مەبەستم، لە پاش ئەوەش دەمەوێ سەر بەم قولەڕەشە دەوەننشینانە شۆڕ بکەم. هەزاران تەڵەکە و فێڵم وەک پاڵەوانی سێرک بەکارهێنا تا توانیم پارەکەیان لە چنگ دەربێنم. ئەوجا پاشان هەموویانم تالان کرد (بە

گـرژینەوەیەکـەوە) جـاران مـرۆڤـێکی سـاویلکە بـووم. (بە سەرزەنشتییەوە) بەڵام ئێستا ناتوانیت یەک تۆزقاڵ فێڵم لێ بکەیت. سمیسەرز گشت چاکەکانی تۆم پڕ کردووەتەوە و بگرە پتریشم کردووە. من تۆم پاراست و ئاگاشم لە هەموو فڕوفێڵ و سەین و بەینێکی بازرگانیتە کە بە ڕۆژی ڕووناک دەیانکەیت. بەڵام چاوم لە هەمووان پۆشیوە. بێگومان ئەوەشت لە بیر بێ مافی خۆمە یاسا دابنێم و هەموو کارە چەوتەکانت بنبڕ بکەم. (دەداتە قاقای پێکەنین)

**سمیسەرز**: (دەگرژێتەوە)

نامەوێ لە نرخت داگرم، بەڵام خۆ تۆش ڕاست و چەپ دەتقاچاندەوە، وا نییە؟ بڕوانە ئەو باجانەی لەسەرت داناون! خوا ئاگەدارم بێ خۆ خوێنت لێیان چک کردووە.

**جۆنز**: (بە پێکەنینەوە)

نەخێر، هێشتا خوێنیان تێدا ماوە، وا نییە؟

**سمیسەرز**: (لەبەرخۆی بەو نهێنییەی دەیزانێ پێ دەکەنێ)

خوێنیان لێی چک بووە. هەر ئێستاش لە قسەم تێ دەگەیت. (یەکسەر بابەتەکە دەگۆڕێ) تۆ پێم دەڵێی یاسات شکاندووە، بەڵام تۆ خۆت هەر یاسایەکی دای دەنێیت دەمودەست دەیشکێنی.

**جۆنز**:

من ئیمپراتۆرم و یاساش لەسەر ئیمپراتۆر ناسەپێ (بەڕەخنەگرتنەوە) سمیسەرز، چاک گوێ بگرە چی دەڵێم. دزیی بچووک هەیە وەک هی تۆ و هی گەورەش هەیە وەک هی



من. بۆ دزیی بچووک ئەمڕۆ نا سبەی دەتگرن، کەچی بۆ دزیی گەورە دەتکەنە ئیمپراتۆر و لە ناو هۆڵی خاوەن شکۆدا بە سەربەرزی دەنەڕێنی. (یادگارەکانی دێنەوە بیر) ئەگەر تاقە شتێک لە ماوەی ئەو دە ساڵەی لە نێو فارگۆنا ئیشم دەکرد فێر بووبم، ئەوەبوو کە لە دەمی مرۆڤی سپیم بیست و پێم گوتیت. جا هەرکە هەلم بۆ ڕەخسا توانیم لە دوو ساڵدا ببمە ئیمپراتۆر.

**سمیسەرز**: (ناتوانێت بە سەر هەستی خۆ بەکەم زانین لە بەرامبەر گەورەکەیا زاڵ بێت)

بەڵێ، توانیت تەلیسمی ئەم تەڵەکە نەگریسە بشکێنی، خوا ئاگەدارم بێ. لەوەتی هەم بەختی وەکو هی تۆ چاکم نەدیوە.

**جۆنز**: (بە توندی)

بەخت؟ مەبەست چییە لە بەخت؟

**سمیسەرز**:

وا دەزانی ئەو لاف و گەزافەی بە گوللەی زیو لێ دەدەیت بەخت نییە – هەر ئەوەیش بوو لە کاتی شۆڕشکردن ئەم قولەڕەشە بێ مێشکانەی وا لێ کرد پشتت بگرن، دەبڵێ وا نییە؟

**جۆنز**: (بەپێکەنینەوە)

ئۆه، ئەم گوللە زیوە! بێگومان بەختە! بەڵام من ئەو بەختەم دروست کرد، گوێت لێمە، توانیم دەستەگوڵی خۆم وەربگرم! ئینجا کە پیرە (لێم)ی پیاوکوژی قولەڕەش دەیەوێ لە دووری دە پێیەوە بمکوژێ، نیشانم لێ دەگرێ و گوللەکەی سەرچیغ دەڕوات، ئەو دەمدەیکوژم. خۆ لە بیرت ماوە ئەوێ جارێ چیم گوت؟

**سمیسەرز:**

گوتت گوللەبەندت پێیە و هیچ گوللەیەکی قورقوشم کارت لێ ناکات. چونکە ئەوەندە بەتێنی تەنیا گوللەی زیو دەتبڕێ. خوا ئاگەدارم بێ. هەر ئەو فشەفشەت بوو بووە هۆی بەختە بێ مانا و هیچوپووچەکەت!

**جۆنز:** (بەفیزەوە)

من ئاوەزەم هەیە و دەزانم چۆن بە کاری دێنم. ئەمە بەخت نییە.

**سمیسەرز:**

چاکت دەزانی بۆیان نەدەکرا گوللەی زیو پەیدا بکەن. سەربارەی ئەوەش بەخت یارت بوو کە گوللەکە سەری کرد و پێت نەکەوت.

**جۆنز:** (بەپێکەنینەوە)

پاشان هەموو ئەم قولەڕەشە دەوەننشینانە هاتن و لە بەرپێم کڕنووشیان برد و سەریان بەزەوی کرد هەروەک پەرچوویەک بوویم و لە ئینجیلدا ناوم هاتبێ. خوای مەزن! خۆ هەر لەو کاتەوە هەموویان وەک جووجەڵە لەسەر دەستم پڕپۆڵە دەخۆن. هەر قامچیم لە زەوی دا، یەک پێ دەردەپەڕن.

**سمیسەرز:** (بە فنە فنێکەوە)

فێڵبازێکی ئەمریکی زەبری خۆی وەشاند.

**جۆنز:**

هەر قسەی زل مرۆڤ زل دەکات ئەگەر توانی وا لە خەڵکی



بکات باوەڕی پێ بهێنن! بێگومان من قسەی زل دەکەم کە دەزانم ناتوانرێ بە درۆ بخرێتەوە. بەڵام ئەوەش بزانە قسەی نامـاقوول و نابەجێ ناکەم. دەزانم چۆن تەفرەیان بدەم، هەر ئەمەش مایەی هێز و بەتواناییمە. ئەوەشم بە پێویست زانی زمانیان فێر ببم و هەندێکیان فێری ئینگلیزی بکەم پێشی ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەم. ئەدی ئەوە هەوڵ و تێکۆشان نییە؟ خۆ تۆ ئەوە دە ساڵە لێرەیت، کەچی یەک تاقە وشە فێر نەبوویت. دەزانی ئەگەر هاتبا و فێر ببوایت، هەر گەنجینە بوو بۆت. بەڵام تۆ خەمسارد و کەمتەرخەم بوویت.

**سمیسەرز:** (لە شەرمان سوورهەڵدەگەڕێ)

گوێ مەدەرە ئەوە. بەڵام وەکو بیستوومە دەڵێن گوللەی زیوت بۆ خۆت داڕشتووە؟

**جۆنز:**

ئەمە دوا فڕوفێڵە و دەشزانم سەرناگرێ. هەر بۆیەشە گوللەی زیوم بۆ خۆم داڕشت تا پێیان بڵێم کەی خۆمی پێ دەکوژم. ئەمەیان پێ دەڵێم، چونکە دەمەوێ بۆیان بسەلمێنم من تاقە مرۆڤێکی گەورەم لەم دنیایەدا و کەسێکی لە خۆم گەورەتر نییە بتوانێ بمکوژێ. جا هەوڵدانیان بێ سوودە، دیسان دەکەون و سەرم بۆ شۆڕ دەکەن. (پێ دەکەنێ) ئەوە دەکەم تا بەبێ ترس وەک بەرزەکی بانان بەکەیفی خۆم بێم و بچم و هیچ قولەڕەشێکی دڵپیس لە پشت داران گوللەم تێ نەگرێت.

**سمیسەرز:**

کەواتە بە ڕاستی دروستت کردووە؟

**جۆنز:**

بێگومان. لە ناو ئێرەیە (دەمانچە تۆپلییەکەی دەردەکێشی و دەیشکێنیتەوە و گوللەکە دەردەهێنێ) پێنج قورقوشم، ئەو کۆرپە زیوەش شەشەمیانە. لە جوانییان ناچریسکێتەوە؟ (لە نێو دەستی دەگرێ و هەروەک پێیەوە دڵگیر بووبێ بەکەیف سەیری دەکات)

**سمیسەرز:**

لێ گەڕێ با ببینم. (دەست درێژ دەکات وەری بگرێ).

**جۆنز:** (بەدەنگێکی گڕەوە)

دەستت بکێشەوە، هەی سپی چەپەڵ. (لە نێو دەمانچەکەی دادەنێتەوە و دەیخاتە کالانەوە).

**سمیسەرز:** (دەمڕێنێ)

خوا ئاگای لێم بێ! وا دەزانیت دەیدزم، وا نییە؟

**جۆنز:**

نەخێر مەبەستم وا نەبوو. دەزانم ناوێری دزیم لێ بکەیت. بەڵام نامەوێ کەس چاوی بەم کۆرپە نازدارەم بکەوێ. چونکە ئەمە مایەی سەروبەختمە!

**سمیسەرز:** (بە گاڵتە و تێزپێکردنەوە)

بەڵێ، بەڵی! جادوو و ئەفسوونی پێوەیە، وا نییە؟ (بەکینەوە) دەباشە پاش کەمێکی تر پێویستت بەم ئەفسوون و جادووانە دەبێ! خوا ئاگای لێم بێ!

**جۆنز:** (بە هەڵسەنگاندنەوە)





هێشتا شەش مانگی ترم لێرە ماوە پێش ئەوەی ئەو درۆ و دەلەسەیشم لێ سپی ببێتەوە. ئەوسا، کە هەستم بە مەترسی کرد، یەکسەر تێی دەتەقێنم.

**سمیسەرز:**

جا بڵێ پێشی تایێ بەرەت بەخۆداداوە؟

**جۆنز:**

ئەوەندە گەوج نیم، چونکە چاک دەزانم تەمەنی ئیمپراتۆر کورتە. بۆیەش لەگەڵ گەردی بەیانی ماڵئاوایی دەکەم. دەترسم وابزانی تاسەر لەو ئیشە دەمێنمەوە، نەخێر! لە وڵاتێکی وا چەپەڵدا پارە چ سوودی هەیە. کە پارە خەرج دەکەم دەمەوێ خەریکی کارێک بم. جا هەر کە هەست دەکەم ئەم قولەڕەشانە دەماری مێرانەیان دەبزوێ و دەیانەوێ سەرانگرێم بکەن، نەخوازەڵا کە بیری ئەو کۆشە پارەیەی هەمە لە کەللەم دەدات، یەکسەر وازدێنم و خێرا تێی دەتەقێنم.

**سمیسەرز:**

بۆ کوێ؟

**جۆنز:**

ئەمە ئیشی تۆ نییە.

**سمیسەرز:**

سوێند دەخۆم ناچیتەوە وڵاتە یەکگرتووەکان.

**جۆنز:** (بەگومانەوە)

بۆ ناچمەوە؟ (بەپێکەنینێکی لەسەرخۆوە) مەبەستت لە چیرۆکی

هەڵاتنمە لە بەندیخانە. ئەمانە قسەی پووچن.

**سمیسەرز**: (بە گومان لێکردنەوە)

بەڵێ، وایە!

**جۆنز**: (بە توندی)

بەس تیروتوانج باوێ و پێم بڵێ درۆ دەکەیت.

**سمیسەرز**: (بەپەلە)

نەخێر، خوا لە قوڕم بگرێ ئەگەر نیازم وابێ. تەنیا بیر لەو درۆ زلانەت دەکەمەوە کە ئەو قولەڕەشانەی ئێرەت پێ هەڵخەڵەتاندووە کە گوایە لە وڵاتە یەککگرتووەکان مرۆڤی سپییت کوشتووە.

**جۆنز**: (تووڕە دەبێ)

کێ دەڵێ ئەمانە درۆن؟

**سمیسەرز**:

ئەگەر ڕاست بووان ئێستا لە بەندیخانە بوویت، وا نییە؟ (بەکینەوە) بیستوومە گەر لە وڵاتە یەککگرتووەکان قولەڕەشێک سپییەک بکوژێ لە نێو نەوت و ڕۆن دەیسووتێنن، وایە؟

**جۆنز**: (بە ئازارێکی مردەنییەوە)

وا دەزانی قەنارە و مردن دەمترسێنن! بزانە، سمیسەرز، کە چوومەوە ئەوێ لەوانەیە پیاوێکی سپی بکوژم. لەوانەشە بەم زووانە لێرە یەکێکی تر بکوژم ئەگەر ئاگای لە زمانی خۆی نەبێ.

**سمیسەرز**: (زۆر لەخۆی دەکات پێ بکەنێ)



گاڵتەم لەگەڵ دەکردی، بۆ گاڵتە نازانی؟ ئێستا وتت هەرگیز لە بەندیخانە نەبوویت.

**جۆنز**: (بە هەمان شێوەدەنگ کەمێک بەفیزەوە)

لەوانەیە لەوێ لەسەر قڕە قڕکردن لەگەڵ قومارچییەک بچمە بەندیخانە. لەوانەشە ئەگەر کوشتم بیست ساڵ بگیرێم. لەوانەیە لەوێش دیسان دەمەقاڵ لەگەڵ زیندانەوان بکەم و لە کاتی ئەم چەندوچۆنەدا یەکێک خۆی لێمان بگرێ. لەوانەیە ئەو بە قامچی لێم بدات و منیش بە بێڵ سەری شەق بکەم و هەڵێم و زنجیری پێم بپسێنم و قورتار ببم. ئەم چیرۆکانەت بۆ دەگێڕمەوە تا بزانی من ئەو چەشنە مرۆڤەم ئەگەر بێو یەک تاقە وشەی ترت بەخراپی لە زار بێتەدەرێ خۆت و دزییەکانت زیندەبەچاڵ دەکەم.

**سمیسەرز**: (دەتۆقێ)

وا دەزانی زمانت لێ دەدەم؟ شتی وا ناکەم! ئەدی هەمیشە هاوڕێت نەبوویم؟

**جۆنز**: (یەکسەر خاو دەبێتەوە)

بێگومان وا بوویت و باشتریش وایە هەروا بمێنیتەوە.

**سمیسەرز**: (هێور دەبێتەوە دیسان بەکینەوە)

بۆ ئەوەی بۆت بسەلمێنم هاوڕێتم دەمەوێ هەواڵێکی گرینگت پێ بڵێم.

**جۆنز**:

دەبیڵێ، بزانم چییە! لەبەرئەوەی بە کەیفی، دەزانم هەواڵێکی خراپە.

**سمیسەرز**: (بەوریاییەوە)

ڕات چییە ئەگەر بڵێم کاتی ئەوە هاتووە واز بهێنی و گوللەی زیویش لەبیر بکەی؟ (بەگرژینەوەیەکی تیزاوی کۆتایی بە قسەکانی دێنێ).

**جۆنز**: (بەشێواوییەوە)

ئەوە چی دەڵێی؟ بێ پێچ و پەنا بیڵێ.

**سمیسەرز**:

هەستت نەکردووە بۆ تاقە پاسەوان و نۆکەرێکت نەماوە؟

**جۆنز**: (بە بێ پەرواییەوە)

هەموویان لە ژێر سێبەری درەختەکانی باخ خەوتوون. هەرکە دەبۆرژێم، ئەوانیش بەدزی دەخەون و وا دەزانن هیچ گومانیان لێ ناکەم. هەرکە زەنگوڵ لێ دەدەم، هەموویان یەک پێ ڕادەکەن و دەیانەوێ بەوە چاوبەستم بکەن کە بە درێژاییی کات خەریکی ئیش و کار بوون.

**سمیسەرز**: (بەهەمان شێوەدەنگی تیزاوییەوە)

دە زنگوڵ لێ بدە، ئەوسا دەزانی چ دەڵێم.

**جۆنز**: (ڕادەچڵەکێ و وریا دەبێتەوە، بەڵام بە بێ پەروایی دەدوێ)

بێ گومان زەنگوڵ لێ دەدەم. (دەست دەبات بۆ ژێر تەختەکە و زەنگوڵێکی گەورەی کاتی فراوین دەردەهێنێ کە بەڕەنگی قورمزی گەش، بە هەمان ڕەنگی تەختەکە، بۆیاغ کراوە. بەتین لێ دەدات – کەمێک دەوەستێ تا بزانێ چی ڕوو دەدات ئینجا بۆ لای هەردوو دەرگە دەردەپەڕێ و چاو دەگێڕێ).



**سمیسەرز**: (بە کەیف و خۆشییەکی پڕ لە کینەوە سەیری دەکات، پاش کەمێک وەستان بە تێزپێکردنەوە)

پاشی ترێ خەپشەی برێ.

**جۆنز**: (لەپڕ تووڕە دەبێ و زەنگوڵەکە بۆ کونجێک تووڕ هەڵدەدا و دەزرنگێتەوە)

قولەڕەشی دەوەننشینی ناکەسبەچەینە! (کە دەبینی سمیسەرز چاوی تێ بڕیوە، دان بەخۆدا دەگرێ، ئینجا لەهیکڕا دەداتە قاقای پێکەنین) ئەوجارە وا خۆم داوێمە سەر چەقۆ! مرۆڤ هەموو جار نازانێ سەرەنجامی بەچی دەگات. دەمگوت شەش مانگی تر دەمێنمەوە؟ باشە، وا بیرم گۆڕی و دەسبەردار دەبم و هەر ئێستا واز لە ئیمپراتۆریەتی دێنم.

**سمیسەرز**: (بە دڵگیربوونێکی ڕاستەقینەوە)

خوا ئاگەدارم بێ. دەسا بەخوا تۆ باڵندەیەکی ساویلکەی نزمەفڕی.

**جۆنز**:

تەپە تەپ تەرۆزی خۆشە. دەزانم دۆڕاوم، چاوەڕێی خەڵکی تر ناکەم و تێی دەتەقێنم. خڕ گەورە و بچووکیان بە زوورگان کەوتن، وا نییە؟

**سمیسەرز**:

بەڵێ، گەورە و بچووک و گەنج و پیر و گەدا و ماقوول!

**جۆنز**:

کەواتە شۆڕش لە بەرپابوونە. جا باشتر وایە ئیمپراتۆر تێ

تەقێنێ بەرلەوەی سەری لە گێچەڵێک بئاڵێ. (لە بنەبانەوە بۆ لای دەرگە دەچێ).

**سمیسەرز:**

دەتەوێ بچیت ئەسپەکەت بدۆزیتەوە؟ هیچێک نەماوە. ئەوان پێش هەموو شتێک ئەسپەکانیان دزی. کە بەیانی چووم بەسەریان بکەمەوە، بینیم هی منیشیان ڕاپێچاوە. هەر ئەمەش بوو وای لێ کردم بکەومە گومانەوە.

**جۆنز:** (خولەکێک سامی لێ دەنیشێ، سەری خۆی دەخورێنێ، پاشان بە زمانێکی فەلسەفیانەوە)

دەباشە، ئەدی ئەو جووتە لاقەم بۆ چین؟ دەیدەمە بای غارێ. (سەعاتێکی زێڕ دەردەهێنێ و سەیری دەکات) سێ و سی دەقیقەیە، ڕۆژ لە شەش یا لە شەش و نیو ئاوا دەبێ. (سەعاتەکە هەڵدەگرێ – بە کەم بڕواییەوە) هێشتا کاتم زۆر بە دەستەوە ماوە قورتار ببم.

**سمیسەرز:**

ئەوەندە پشتت بەخۆت ئەستوور نەبێ، وەک تانجی ڕاوت دەنێن و کونەمشکت لێ دەکەنە قەیسەری. پیرە (لێم) لە ناوجەرگەی ئەم مەسەلەیەدا کولاوە و بەقەد زەوی و ئاسمان ڕقی لێتە. وا بزانم تا ئێسکت لە توورەکە نەکات فراوین ناکات!

**جۆنز:** (بە گاڵتە پێکردنەوە)

ئەم گەوجە بێ مێشکە قولەڕەشە! وا دەزانی لێی دەترسم؟ چەند جاری تر پشتم لە زەوی داوە، سوێندم بە خوا ئەوجارە بێتە سەر ڕێگەم وای لێ دەکەم ناوی خۆی لە بیر بکات...



(بەتووندییەوە) هەر لەتوپەتی دەکەم!

**سمیسەرز:**

دەبێ بە نێو ئەم دارستانە پانوپۆڕەدا ڕابکەیت – ئەم قولەڕەشانەش وەک تاژی شۆین پێت بۆن دەکەن و لە تاریکیدا بە دوات دەکەون. خۆت بکوژی دوانزە سەعاتت پێ دەچێ، لە کاتێکا ئەگەر وەک خەڵکی ئێرە شارەزای گشت کون و قوژبنێکی بیت.

**جۆنز:** (بە تیزپێکردن و زوێرییەوە)

چاوت بکەوە، ئەی سپی چەپەڵ! وا دەزانی بەگەوجی هاتوومەتە دنیا؟ بۆ خاتری خوا تۆزێک ڕێز بۆ زرنگیم دابنێ! وا دەزانی پێشبینی ئەوەم نەکردووە و هەموو هەلێکم بۆ قورتاربوون مسۆگەر نەکردووە؟ زۆر جار بە هەنجەتی ڕاو چوومەتە نێو دارستان و ئێستا بست بەبست شارەزایم، چاویشم ببەستن ڕێی خۆم دەدۆزمەوە. (بە نزم تێڕوانینێکی گەورەوە) ئەو قولەڕەشە دەوەننشینە بێ مێشکانە، کە تەنانەت ناوی خۆشیان نازانن دەتوانن (بڕۆتۆس جۆنز) بگرن؟ هەی هەی، ترسم نییە! بە گیانی تۆ ترسم نییە! کوڕە پیاو، جارێک سپییەکان بە خۆو تاژییەکانی ڕاو دوام کەوتن کەچی من هەر گاڵتەم پێ دەکردن. هەر پێم شەرمە خۆ لەو بۆرە پیاوە قولەڕەشانە بدزمەوە. زۆر بە ئاسانی دەتوانم بیانخەڵەتێنم. دە تەماشا بکە بزانە چ دەکەم. وایان لێ دەکەم لە گیانی خۆیان بێزار بن. تا دنیا تاریک دادێ، دەشتایی دەبڕم و دەگەمە قەراغ دارستان. هەر کە شەو داهات دەچمە نێو دارستان. هەلێکی باشیان

هەیە بۆ دۆزینەوەی ئەو کوڕپە نازدارەم! سبەی لەگەڵ بەرەبەیان دەگەمە ئەوبەری دارستانەکە، لە قەراغ دەریاکە گەمییەکی جەنگی فەڕەنسی لەنگەری گرتووە، سوار دەبم و دەچمە (مارتینگ)، ئەوسا بە پای پیلان دەگەڕێم و گیرفانیشم گەرم و پڕە. ئەمە لای من هەر گەمەی منداڵانە.

**سمیسەرز**: (بەکینە و دڵپیسییەوە)

بەڵام وا دابنێ تۆیان گرت؟

**جۆنز**: (بەڕووگرژیەوە)

ئەم دەمانچەیە پێنج گوللەی قورقوشمی تێدایە کە بەشی کوشتنی ئەم قولەڕەشە دەوەننشینانە دەکات. پاش ئەویش بەم گوللە زیوە نازدارە فریویان دەدەم.

**سمیسەرز**: (بە گاڵتە پێکردنەوە)

هۆی لە خۆمێ، خۆ من گوللە زیوەکەم لە بیر نەبوو. بەم جلوبەرگە دەچێتە مەیدان، وا نییە؟ خوا ئاگەدارم بێ.

**جۆنز**: (بەپەستییەوە)

بێ و بە هەموو سامانت لەگەڵم گرەو لەسەر یەک شت بکەیت نادۆڕێنی، چونکە ئەو کۆرپە نازدارەم، ئەی پیاوی سپی، – تا کۆتایی هەر لەسەر ئاوازی خۆی بەردەوام دەبێت. کە هیچیشی پێ نەما بەیەک لرمە دنیا دەشڵەژێنێ. باش نییە ئەو گوللە زیوە بە ئاسانی لە دەست بدەم، ئەمە پوختەی مەسەلەکەیە. (پاشان واز لەو بەدەماری و تووڕەییەی دینێ بەبڕواوە پێ دەکەنێ) ئەوە من باسی چی دەکەم؟ هێشتا نەگەیشتومەتە ئەو ڕادەیە و هەرگیز ناشگەم – نەخوازەڵا لەگەڵ ئەو قولەڕەشە نەزانانە. (بە



فیزەوە) هەرچۆنێک بێ گوللەی زیو مایەی خۆش بەختیمە. سەرباری ئەوەش کەسیان ناوێرێ شان لە شانم بدات نە لە خەمڵاندن، نە لە ڕاکردن، نە لە ململانی و نە لە یاریکردن لە هەر کات و شوێنێکدا بێ. تەماشا بکە بزانە چی دەکەم! (لە زوورگە دوورەکانەوە دەنگی تومبە تومب بە نزمی و بەردەوامی بە شێوەیەکی کز و لەرزۆک دێ. لە سەرەتا لەگەڵ لێدانی ئاسایی دڵ هاوڕێکە -٧٢ جار لە خولەکێکدا – بەڵام هەر لەوکاتەی دەست پێ دەکات تا کۆتایی شانۆگەرییەکە بەردەوام خێراتر دەبێ)

(جۆنز لەگەڵ ئەم دەنگە دەردەپەڕی، ڕەنگێکی سەیر دەپەڕێتە سەر دەموچاوی. خولەکێک گوێ دەگرێ و بۆی دەردەکەوێ مەسەلە چییە – پاشان هەوڵ دەدات هەڵسوکەوتە هەرە ئاساییەکەی بنوێنێ، دەپرسێ)

ئەرێ ئەم زرموهۆڕە چییە؟ بۆ ئەم تەپڵە دەکووتن؟

**سمیسەرز**: (بەکینەوە دەگرژێتەوە)

بۆ تۆیە، بۆ تۆ. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئاهەنگەکەیان دەست پێ کرد. لەوەوپێش ئەوەم بیستوە و دەزانم چییە.

**جۆنز**:

ئاهەنگ؟ کام ئاهەنگ؟

**سمیسەرز**:

ئەم قولەڕەشە نەگریسانە پێش ئەوەی بە دوات بکەون کۆڕ دەبەستن و سەمای جەنگ دەست پێ دەکەن تا ورە و ئازایەتی لە ناخیاندا بێتە جۆش.

**جۆنز:**

چی دەکەن بابیکەن! لەوانەیە سوودی بۆیان هەبێ!

**سمیسەرز:**

ئێستا خەریکی جێبەجێکردنی فەرمانی ئاینی بتپەرستانەی خۆیانن – پەنا دەبەنەبەر جادوو و ئەفسوونی شەیتانی تا یارمەتییان بدات دژ بە گولله زیوەکەت (پڕ بەگەروو پێ دەکەنێ) خوا ئاگەدارم بێ. بەلام ئەوان بە قەد دۆژە کەللەڕەق و بێ مێشکن.

**جۆنز**: (کەمێک سام دای دەگرێ، هەرچەندە نایەوێ وا پیشان بدات)

هۆه! گورگ لە مێگەلە مەڕ ناترسێ!

**سمیسەرز**: (هەست دەکات جۆنز شڵەژاوە)

ئەمشەو لە نێو دارستان دنیا ئەنگوستەچاوە و هەموو ئەجندە و دێوەزمەکان بە گژتا دەکەن. جا بڕوانە پێش هاتنی سبەی بەیانی چۆن پرچی سەرت کەڵ کەڵ دەوەستێ. (لە ناخی دڵییەوە) بەڕاستی ئەم دارستانە بۆگەنە تەنانەت لە ڕۆژی رووناکیشدا بۆنی خوێنی لێ دێ. ڕەنگە نەزانی لەوێ چی ڕوو دەدات. بەڵام بۆن بۆگەنی لەوێ هێرت دەکات. هەرکە پێ دەنێمە ناوی دەمودەست یەک تەزووی سارد بە ناو کۆڵنجم دادێ.

**جۆنز**: (بە فنەفنێکی گاڵتەجاڕانەوە)

وەک تۆ ترسنۆک نیم. من و دەرخت هەڤاڵین و مانگی چواردەش رووناکیم بە سەردا دەبارێنێ. جا لێگەڕێ ئەو قولەڕەشە کڵۆڵانە با هەرچی جادوو و ئەفسوونێک کەوا دەیزانن بە کەلکە



تاقی بکەنەوە. وا دەزانی ئەوەندە گەوج و بێ مێشکم بڕوا بەو هەموو خێو و ئەجندە و قسەکۆنەی پێریژنان دێنم؟ بڕۆ ڕێی خۆت، ئەی پیاوی سپی، چی تر سەرم مەیەشێنە. (بە قاقایەکەوە) نازانی دەبێ ئەوان لەگەڵ یەکێکی وەک من کە ئەندامی کەنیسەی پیرۆزم بە چەشنێکی تر بجوولێنەوە؟ زۆر بڕواداربووم کاتێ لە فارگۆن ئیشم دەکرد پێش ئەوەی سەرم لەم گێچەڵە بئاڵێ. لێیان بگەڕێ با بۆخۆیان خەریکی تەڵەکە بتپەرستانەکەی خۆیان بن. کەنیسەی پیرۆز دەمپارێزێ و ئەوانیش دەسبەجێ بۆ ناو دۆژە داوێ. (پاشان زێتر لە خۆڕازییە و بڕوای بەخۆیە) لە بیرت نەچێ گوللەی زیویشم لە پشتە.

**سمیسەرز:**

هۆه! لەوەتی لێرەیت بەرت بە کەنیسەوە نەماوە. خۆم لێم بیستوویت لەوەتی دەستت لەگەڵ ئەو جادووگەر و پیاوخراپە نەگریسانە تێکەڵ کردووە بڕوات گۆڕیوە.

**جۆنز**: (بەپەرۆشەوە)

وا پیشان دەدەم بڕوام گۆڕیوە! وا پیشان دەدەم! هەر لە سەرەتاوە ئەمە بەشێکی پلانەکەمە. ئەگەر بینیم ئەو قولەڕەشانە دەڵێن ماست ڕەشە منیش لەوان بەرزتر هاوار دەکەم. خۆم بە ڕینوێنیکردنەوە خەریک کردبا، ئێستا نەدەبووم بە هیچ. مەبەستی سەرەکیم پارە و پوول بوو، بۆیەش بۆ ماوەیەک مەسیحی خۆم لەسەر ڕەفکە دانا. (لەپڕ دەوەستێ تا سەیری سەعاتەکەی بکات – بە وریاییەوە) چی تر کاتی

قسەی بێ سوودم نییە. دەبێ هەر بەم دەمودەستە لێرە بڕۆم. (دەست دەباتە ژێر تەختەکەی و شەپقەیەکی گرانبەهای پەنەمایی دەردەهێنێ کە تیلمێکی گەشی ڕەنگاوڕەنگی پێوەیە، بە کەیف و برواوە دەیکاتە سەر) خواحافیز، پیاوی سپی (بەگرژینەوەیەکەوە) لەوانەیە لە بەندیخانە بتبینمەوە!

**سمیسەرز:**

لەوێ نامبینیتەوە. بۆ پارەو پولی بێ نرخ خۆم وەک تۆ قەلەندەر ناکەم. بڕۆ خوا یارت بێ.

**جۆنز:** (بەنزم تێڕوانینەوە)

ترسنۆکترین مرۆڤێک تا ئێستا ناسیبم! پێت دەڵێم هەر بگەمە نێویۆرک سەر بە گەنجینەوە دەنێم و دەبمە پاشای سەر تەخت. هەر لە ئێستاوە تا دنیا تاریک دادێ ئەو قولەڕەشانە نایەنە جۆش و خرۆش. تا ئەو کات گەیشتوومە شوێنێکی وا کە فیرعەون دەستی نامگاتێ.

**سمیسەرز:** (بەکینەوە)

سەلام لەو ئەجندانە بکە کە لە ڕێگە تووشت دێن.

**جۆنز:** (بەگرژینەوە)

ئەگەر ئەجندە کە پارەی پێ بوو پێی دەڵێم بەگژتا نەیەت نەوەک پارەکەی لێ بدزیت.

**سمیسەرز:** (هەست بەبەرزی دەکات)

هەهای! (پاشان بەتاسەوە) هیچ بار و بوخچەیەک لەگەڵ خۆت نابەیت؟



**جۆنز:**

پەلەمە، دەمەوێ سووک بڕۆم. لەم پەڕەی کەنار دارستانەکە خواردنی قووتووم شاردووەتەوە. (بەفیزەوە) ئینجا بڵێ پێشبینی دوارۆژم نەکردووە و مێشکم ناخەمە کار! (ماوەیەک چاوی دەنێتە دورچاوی) ئەوەی لە کۆشک ماوە بۆ خۆت بێ – چاکتر وایە پەلە بکەیت و ئەوەی دەتوانی بەدزی بیگوازیتەوە پێش ئەوەی بگەنە ئێرە.

**سمیسەرز:** (بەسوپاسەوە)

زۆر باشە – سوپاست دەکەم (کە جۆنز لە بنەبانەوە بۆ لای دەرگە دەکشێ – بە وریاییەوە) بڕوانە، خۆ ناتەوێ لێرە بچیتە دەرەوە؟

**جۆنز:**

ئەدی وا دەزانی لە دەرگەی پشتەوە وەک قولەڕەشێکی نەزان بەدزی دەخزم، هێشتاش هەر ئێمپراتۆرم! ئێمپراتۆر چۆن هاتووەتە ژوور ئاوا دەچێتەدەر. مێرێکم دەوێ لەم قولەڕەشانە ڕێی پێ بگرێ. هێشتا هەر خۆم سەرداری ئەم ناوەم (دەمێک لە بەردەرگە دەوەستێ، گوێی لە لێدانی بەردەوامی تومبە تومبی دوور دەبێ) خۆ گوێت لەو تەپوهۆڕیە؟ دەبێ تەپڵی گەورەیان لابێ دەنا چۆن دەنگی دەگاتە ئێرە. (ئینجا بەپێکەنینەوە) باشە، ئەگەر بە تیپی مۆسیقای براس بە ڕێم نەکەن، خۆ بێگومان بە تەپڵ کووتان بەڕێم دەکەن. خواحافیز، ئەی پیاوی سپی. (دەست دەخاتە گیرفانەکانییەوە و بەکەمتەرخەمییەکی ئەنقەستەوە نەوایەک بە فیکەفیک لێ دەدات. بەهێواشی لە

دەرگە دەچێتە دەر و بۆ لای دەستە چەپ دەڕوات)

**سمیسەرز**: (چاوی بە دوادا تووڕ دەدات، بە دڵگیرییەکی پەشۆکاوەوە)

چ زەلامێکی پشت ئەستوور و نەقۆڵایە! خوا ئاگەدارم بێ. (پاشان بەتووڕەییەوە) پف، چ قولەڕەشێکی چەپەڵە، چ هەوا و فیزێکی هەیە! بەئاواتەوەم بیگرن و چی لێ دەکەن بیکەن! (پاشان هەست دەکات ئێستا کاتی ئیشە نەک کەیف و هەرا!، جا بەچاوچنۆکی سەیری دەوروبەری دەکات) مێشکی دەوێ تا ئەوەی لەم کۆشکە شاردراوەتەوە بیدۆزێتەوە و بە پارەی نەختی بیفرۆشی. کوڕە پەلەکە کاتی پشکنینە. (بەرەو دەرگەی دەستە ڕاست دەکەوێتەڕێ و پەردە دادەدرێتەوە)



## دیمەنی دووەم

ئێوارەیە. کۆتاییی ئەو دەشتاییەی کە لەوێوە دارستانێکی مەزن دەست پێ دەکات. کەناری دارستانەکە زەوییەکی قوومەڵانی تەختە کە هەندێ بەردی پەرش و بڵاو لێی بوون بە نەخش، بێشەڵانی دەوەنی بستەباڵاش سەریان وێک هێناوەتەوە و بە سەر زەویدا سەر دادەگرن تا لە دەست هێرشی ڕەشەبای بازرگانی ڕزگاریان ببێ. لەوپەڕی دارستانەکە دیوارێکی ڕەش کە دەشتاییەکە لە دارستان جیا دەکاتەوە دیارە. کە چاوت لە تاریکییەکە ڕادێ و بەرەبەرە ڕوون دەبێتەوە دەتوانی قەدی درەختەکان لە یەکتر جیا بکەیتەوە. لە پشت ئەوانیش تاریکییەکی ڕەش دەبینرێ. وشەوشی با لە پەلکی درەختەکان دەدا و بارێکی خەمبار دەخولقێنێ. دەنگە خەماوییەکەش ماتییەکی دڵتەزێن و دۆخێکی وا دروست دەکات کە مرۆڤ هەست بەو ناخۆشییە بکات کە ئەم ناوەی داگرتووە. (جۆنز لەلای چەپ دێتە ژوور. کە لە کەناری دارستانەکە نزیک دەبێتەوە دەوەستێ. خێرا سەیری دەوروبەری خۆی دەکات. چاو دەبڕێتە تاریکییەکە، دەڵێی بە دوای نیشانەیەک دا دەگەڕێت. پاشان لە کەیفان دەگەشێتەوە، چونکە لەو شوێنەیە کە نیازیەتی. خۆی فڕێ دەداتە سەر زەوی. یەکجار شەکەتە).

**جۆنز**:

زۆر باشە، کاتێکی چاک گەیشتم! دنیا کەمێک تاریکترە لەوەی پیاوێکی وەک من پیتۆڵ دای نابێ. (دەسەسڕێکی لە بەرکی

لاکەلەکەی دەردەهێنێ و ئارەقەی دەموچاوی پێ دەسڕێتەوە) ئۆخەی! با پشووێک وەرگرم و بایەکی فێنکم پێ بکەوێ! زۆر هیلاکم. نانی بێ ئارەقەی ئیمپراتۆرێتی بەری تەڕادانێی بەر سوورەهەتاوی دەشتودەر ناگرێ. (پاشان بە حیتە حیتێکەوە) دڵتەنگ مەبە، قولەڕەش، خراپتر لە پاشترە. (سەر هەڵدەبڕێ و تەماشای دارستان دەکات. لەنکاوڕا حیتە حیتەکەی دەگۆڕێ بۆ دەنگێگی پڕ سام) ئای لە منێ، سەیری ئەو درەختانە بکە، سەیر؟ خۆ هەروەک ئەوەی سمیسەرز وتی وادەرچوو. باوەڕم نەهێنا کە پێی وتم تاریک دادێ و درەختەکان سەرم لێ تێک دەدەن (خێرا ڕوویان لێ وەردەگێڕێ تا بابەتەکە بگۆڕێ بەتاسەوە) قاچ و قوول تۆ چاک هەنگاو دەنێیت و بەرەو ئامانجم دەبەیت. هیوادارم پەنجەکانت پفکەیان نەکردبێت. ئێستا کاتی پشوودانە. (پێڵاوەکان لە پێی دادەکەنێ، بەئەنقەست چاوەکانی لە دارستان وەردەگێڕێ و بە وریایی پاشپانی خۆی دەگرێ) هێشتا زۆر چاکیت، تەنیا کەمێک گەرم داگەڕاویت. هێور بەرەوە. ئەوەشت لە بیر بێت هێشتا گەشتێکی دوورودرێژت لە پێشە. (بە شەکەتی دادەنیشێ. گوێ لە ڕەوتی مۆسیقای تومبە تومب دەگرێ. بە دەنگێکی بەرز دەمرێنی تا لەو نائاسوودەییەی تیایەتی ڕزگاری بێت) قولەڕەشی دەوەننشین! ئەوەی بە لامەوە سەیرە نازانم چۆن لەم تەپڵ کووتانەیان ماندوو نابن؟ تادێ دەنگەکە بەهێزتر دەبێ. نازانم بەدوامەوەن یان نا؟ (لەسەر پاژنەی خۆی دادەنیشێ و سەیری دەشتایی دەوروبەری دەکات) هیچ نابینم تەنانەت ئەگەر سەد پێش لێمەوە دوور بن. (پاشان وەک سەگێکی تەڕ یا مریشکی ئاوەڕووت خۆی دادەکوتێ تا لە





چنگ ئەو خەیاڵاتە گیان تۆقێنانە ڕزگاری ببێ) بێگومان چەند میلێک لێرەوە دوورن. چی ئارامی لێ هەڵگرتووی؟ (دادەنیشێ و بەپەلە قەیتانی پێڵاوەکانی قایم دەکاتەوە. بەردەوام دڵی خۆی دەداتەوە) تۆ چیت لە بیر ماوە؟ ورگت جگە لە هەوا هیچی تێدا نییە. هەڵبەتە هەست بە شەکەتی دەکەیت. دەباشە هەر ئێستا تێرت دەکەم. با قەیتانی ئەو پێڵاوە توند بکەم (لە توندکردنی پێڵاوەکانی دەبێتەوە) لەوێیە! با بزانم! (لەسەر چۆک و لەپ دەڕوا و چاو بە زەوییەکەی ئەو ناوەدا دەگێڕێ) بەردی سپی، تۆ لە کوێیت؟ (یەکەم بەردی سپی دەبینێ و بەکەیفخۆشی لەسەر سک بۆی دەخشێ) ئۆخەی، خۆ کەوتە چنگم! هەر زوو زانیم ئێرە شوێنەکەیەتی. قوتووی خواردن وەرە دەرێ. (بەردەکە لادەبات و دەست لە ژێری دەگێڕێ بە دەنگێکی ترساوەوە) لێرە نەبوو! خوایە! دەبێ شوێنەکەم لێ تێک نەچووبێ؟ ئەوە بەردێکی تر. بە مەزەندەی خۆم لەوێیە. (لەسەر چیچکان بۆ لای ئەوی تر دەردەپەڕێ و بەردەکە لادەدات) لێرەش نییە! خواردن، تۆ لە کوێی؟ ئەگەر نەیبینمەوە! (لە بەردێکەوە بۆ ئەوی تر دەردەپەڕێ و بە خێراییـیەکی شێتانە دەریان دەهێنێت. لە کۆتاییدا بەشڵەژاوی لەسەر پێ دەوەستێ) دەبێ شوێنەکەم لێ تێک نەچووبێ؟ بەڵام شتی وا چۆن دەبێ کە من بەڕۆژی ڕووناک بە سەر ئەو ڕێیە پانوپۆڕە دا هاتم؟ (بەدڵتەنگییەوە) برسیمە، برسی! پێویستم بە خۆراکە. لە کوێ هێز و هەناوم دەبێ بە برسێتی بڕۆم؟ خوایە یارمەتیم بدە. ئەگەر ئێرەم سەروبن پشکنیبێ هەردەبێ بێدوزمەوە، بۆ وا زوو تاریکی داهات؟ هیچ نابینم (دەنکە شقارتەیەک لە نێو کۆشی خۆیدا دادەگیرسێنێ و

بەدوای خواردنەکەدا دەگەڕێ. کە ئەو خەریکی ئەم سەین و بەینەیە، دەنگی تۆمبە تۆمبەکە بە ئاشکرا خێراتر دەبێ. بە دەنگێکی پەشوکاو دەدوێ) ئەو هەموو بەردە سپییانە لە کۆی هاتن؟ لە کاتێکدا تەنیا یەکێکم لێرە بینی بوو؟ (لەهیکەوە، بە هەناسەهەڵکێشانێکی ترساوەوە، شقارتەکە فڕێ دەاتە سەر زەوی و پێی لێ دەنێت) شێت بوویت، قولەڕەش؟ دەنکەشقارتە لێ دەدەیت تا بزانن لە کوێی؟ بۆ خاتری خوا مێشکت بەکار بێنە خوایە، دەبێ وریابم! (بەوردی سەیری دەشتایی پشت خۆی دەکات، دەستی لەسەر دەمانچەکەیەتی) نازانم ئەو هەموو بەردە سپییە لە کۆی هات؟ کوا ئەو قووتووە خواردنەی لە نێو پەڕۆکی چەورم شاردووەتەوە چی لێ هات؟ (کە ڕوو وەردەگێڕێ، کۆمەڵێک ترسی شێوە نارێکی بچووک لە ناخی تاریکی دارستانەوە بەرەو ڕووی دەخشن. ڕەش و بێ شێوەن، تەنیا چاوە بچووکەکانیان دەترووسکێتەوە. ئەمانە هەر لە کرمی زەوی دەکەن و بە قەد منداڵێکی گاگۆڵکەکەر دەبن. بە هەراوهۆریا دێن و دەچن. بەئەنقەست دەیانەوێ خۆیان لەسەر پاشوویان قیت بکەنەوە، بەڵام ناتوانن و یەکسەر سەرانگرێ دەبن. جۆنز بە بێهوودەیی لە دارستانەکە ڕادەمێنێ و لە چلەپۆپەی درەختەکان ورد دەبێتەوە تا بە هۆی چڕی یان پەرش و بڵاوییان بزانێ لە کوێیە). ناتوانم بە هۆی ئەوانیشەوە بزانم لە کۆیم! خوایە هیچ شتێکی ئێرە لەوە ناکات پێشتر بینیبم. بێگومان ڕێم لێ ون بووە. (بەدەنگێکی پەست و شووماوییەوە) بەخوا، سەیرە! تەواویش سەیرە! (لەپڕ یاخی دەبێ و بە دەنگێکی تووڕە دەتەقێتەوە) دارستان، دەتەوێ شتێکم بەسەر بهێنی؟ (لەو



جێگەیەی کە ئەم گیاندارە شێواوە نارێکانەی لێیە تریقەی پێکەنینێکی نزمی تیزاوی دێ کە هەر لە خشەی گەڵا دەچێ. بەشێوەیەکی خواروخێچ خۆیان بەرەوسەر دەفیچێننەوە. جۆنز سەردادەگرێ و هاواری ترسی لێ هەڵدەستێ و دەردەپەڕێ دەمانچەکەی دەردەکێشێ و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە) ئەوە چییە؟ کێیە؟ تۆ کێیت؟ لە پێشم بڕۆ تا لێم ئاگر نەداوی! نارۆیت؟... (گوللەیەکی بۆ دەتەقێنێ. پڕیشکی ڕووناکی و لرمە لەو ناوە بەرز دەبێتەوە. پاشان ئەم ناوە خامۆش دەبێ و تەنیا لێدانی خێراتری تومبە تومب دڵی ئەم خامۆشییە دەشکێنێ. گیاندارە شێوە نارێکەکان بە قوونەکوتێ بۆ ناو دارستانەکە پاشەکشێ دەکەن. جۆنز لە جێی خۆی دەمەیێ و بەئەسپایی گوێ دەگرێ. لرمەی تەقەکە و دەمانچەکەی دەستی گیانی دێنێتەوە بەر و مێشکە ئاڵۆزە شپرزەکەی خاو دەکەنەوە. بەبڕوایەکی تازەوە لەگەڵ خۆی دەدوێ) ڕۆیشتن. ئەم تەقەیە گیانی لێ بڕین. وا بزانم ئەوانە تەنیا گیانداری بچووک بوون - بەرازی کێوی بوون. لەوانەیە هەر ئەوانیش پێکۆڵێیان لە خواردنەکە کردبێ و خواردبێتیان. قولەڕەشی بێ مێشک وات زانی ئەوانە ئەجندەن، وا نییە؟ (بەشێواوی) ئەو تەقەیەت بە ئەنجامێکی خراپت دەگەیەنێ، گومان لەوەدا نییە ئەوان گوێیان لێ بووە. کاتێکی زۆرت دەوێ تا لە دارستان دەرباز دەبی. چاکتر وایە چاوەڕێ نەکەیت. (دەیەوێ بچیتە ناو دارستان - پێش خۆ تێ کووتان دوودڵە - پاشان بەبڕیارێکی تەواوەوە زۆر لەخۆی دەکات) ببزوو، ئەی قولەڕەش، ببزوو لەچی دەترسیت؟ هیچی لێ نییە بێجگە لە درەخت! ببزوو! (ئازایانە خۆ لە نێو دارستان دەکووتێ).

## دیمەنی سێیەم

سەعات نۆیە. لە نێو دارستاندا. تازە مانگ هاتووەتە ئاسمان. تریفەیەکی گەش و ترسێنەر بە نێو گەڵای درەختەکاندا بڵاو دەکاتەوە. دیوارێکی چڕ لە دەوەن و گژوگیا وەک پەرژین باوەشی بەو پارچە زەوییە ڕووتەنە سێ گۆشەییەی لای پێشەوە گرتووە. لە پشت ئەمەوە تارمایی یەکی چڕ بە شێوەی پشتێنێک هەرچوار لای دارستانەکەی گرتووە. ڕێچکەیەک بە ئاستەم دیارە. ئەم ڕێچکەیە بەرەو لای زەوییە ڕووتەنەکەی لای دەستەچەپ دەڕوا و لەوێشەوە بۆ دوور و ئینجا دیسان بۆ لای ڕاست پێچ دەکاتەوە. کە پەردە دەکرێتەوە هیچ شتێک بەتەواوی نابینرێ. ئەم ناوە تەواو خامۆشە و بێجگە لە دەنگی تومبە تومب کە کەمێک لەوەی پێشوو بەرز و خێراترە دەنگی هیچ نایەت. هەردەمە نادەمێک زرمە زرمێکی بەتین دێ. پاشان بەرە بەرە زەلامێکی قولەڕەش، جێف، کە چوار مەشقی لەوپەڕی زەوییە ڕووتەنەکە هەڵتووترکاوە دەبینرێ. جێف پیاوێکی کامڵ و باریک و بۆرکەڵەیە. جلوبەرگی کۆڵ هەڵگرانی ناو فارگۆنی لەبەرەو کڵاوێکی لەسەرە. دوو نەردی (زار) لەدەستە. هەڵیان دەداتە سەر زەوی یەکەی پێش خۆی. هەڵیان دەگرێتەوە، دەیانشەقێنێ و دیسان بە هەمان جوولانەوەی ڕێکوپێکی میکانیکی ئامێرد ئاسا تووڕیان هەڵدەدات. هەنگاوە قورسە بەردەوامەکانی نزیک کەوتنەوەی یەکێک بە سەر ڕێچکەکەی دەستەچەپ دەبیسرێ. دەنگی جۆنز دێ، کەمێک بەرزترە و دەیەوێ وانیشان بدات بەکەیفە تا دەست بە سەر دڵەترسەکەیدا بگرێت.



**جۆنز:**

ئەوا مانگیش بەرز بووەوە. گوێت لێیە، قولەڕەش؟ ئینجا دنیا ڕووناکتریش دەبێتەوە. بەسە، چی تر شەڕە قۆچانێ لەگەڵ ئەو درەختانە مەکە و بەرپێی خۆت چاک دەبینی. خۆ ئەو دەوەنانە لە پلوپێیان خستی. ئێستا ڕێی خۆت پێ دەزانی، وا نییە؟ کەیفخۆش بە، لەمەودوا نۆرەی خۆشیانە. (پێ دەنێتە نێو زەوییە سێ گۆشەییە ڕووتەنەکە، دەموچاوی بە قۆڵی کراسەکەی دەسڕێتەوە. کڵاوە پەنەماییەکەی لێ ون بووە. دەموچاوی کەمێک داماڵاوە و بەدلە ڕەنگینەکەی زیواڵ بە زیواڵ بووە) نازانم سەعات چەندە؟ شقارتە لێ نادەم. پەکو، کە دنیا گەرمە! (بەشەکەتییەوە) تاکەی ئەو دارستانە بکوتمەوە؟ تاسەر وا بڕۆم! بەخوا ڕێیەکەی دوورە! بەڵام وا نابێ، چونکە مانگ تازە هەڵاتووە. خاوەن شکۆ ئەمە شەوێکی یەکجار دووروودرێژە بۆ تۆ! (بەقاقایەکی خەماوییەوە) خاوەن شکۆ! جادووی شان و شەوکەتت بەتاڵ بوو. (دەیەوێ خۆی وانیشان بدات دڵخۆشە) گوێی مەدەرێ. ئەمەش هەر بەشێکە لەو گەمەیە. ئەمشەویش وەک شەوانی تر کۆتایی دێ. کە بەساغی دەردەچیت و بەرکت پڕە لە پارە گاڵتەت بەم هەمووانە دێ. (دەست بە فیکە لێدان دەکات، بەڵام زوو وریا دەبێتەوە) ئەوە لە خۆشی چی فیکە لێ دەدەیت، ئەی گەوجی نەزان! دەتەوێ هەموو دنیا گوێی لێت بێ! (لە قسە دەوەستێ) گوێت لەو زرم و هۆڕیە؟ بێگومان لە دەنگەکەی ڕا دیارە نزیک دەبنەوە. تەپڵەکە لەگەڵ خۆیان دەگوازنەوە. کاتیش وا بە سەر دەچێ. (هەنگاوێک دەچێتە پێش، پاشان دەوەستێ بەپەشێوی) ئەو زرمە زرمە سەیرە چییە؟ لەم لایەیە! نزیکە! بۆ خاتری خوا،

هەر دەڵێی یاری نەردێن دەکەن! (بەترسەوە) باشتر وایە کە ئەو بیر و خەیاڵاتانەم بە مێشکا دێ، پەلە بکەم. (بە پەلە دەچێتە شوێنە ڕووتەنەکە هەر کە جێف دەبینێ لە جێی خۆی دەچەقێ – بە شێوەدەنگێکی پڕ لە ترسەوە) ئەوە کێیە؟ جێف، تۆیت؟ (بەرەو ڕووی ئەوی تر دەچێ، ماوەیەک ئەوەی لە بیر چووەتەوە لە کوێیە و بە تەواوی وا باوەڕ دەکات ئەوە مرۆیەکە و بەڕاستی لە پێشێتی بە دڵ دانەوەوە) جێف! بە دیدەنت تەواو خۆشحاڵم! بیستم بەو زامەی بە گوێزان لێم کردی مردوویت. (لەپڕەوە دەوەستێ و دەپەشۆکێ) بەڵام قولەڕەش پێم ناڵێی چۆنە لێرەیت؟ (بەدڵگیری لێی موور دەبێتەوە کە دەیبێنی زارهەڵدەدات. چاوەکانی جۆنز شێتانە دەسووڕێن. منگە منگ دەکات) ئەوە بۆ قسە ناکەی؟ تۆ دێوەزمەی، چی؟ (لە ترسان دەمانچەکەی بە تووڕەیی دەردەکێشێ) قولەڕەش جارێکیان تۆم کوشت، دەتەوێ دیسان بتکوژم؟ دەبیخۆ، دەی. (دەمانچەکەی ئاگر دەدات. کە دووکەڵ و تەپ و تۆزەکە دەنیشێتەوە جێف بزر دەبێ. جۆنز چۆکی دەلەرزێ پاشان بە بڕوایەکی پتەوەوە) هەرچۆنێک بێ ڕۆیشت و ملی شکاند دێوەزمە بێ یان نە، گوللە چاری دەکات. (لێدانی تومبە تومبە دوورەکە بەئاشکرایی خێرا و بەهێزتر دەبێ. جۆنز لەمە ئاگەدارە و بە خۆئامادەکردنەوە ئاوڕێک لە پشتەوە دەداتەوە) نزیک کەوتوونەتەوە! بەپەلە دێن! منی نەزانیش گوللە دەتەقێنم تا شوێنی خۆمیان بۆ ئاشکرا بکەم! ئەی خوا دەبێ ڕابکەم دەنا کارم تەواوە. (ڕێچکەکەی لێ ون دەبێ و شێتانە خۆ دەکوتێتە نێو پنچک و دەوەنەکانی ئەوپەڕی دارستانەکە و لە ناو سێبەری درەختەکان ون دەبێ).



## دیمەنی چوارەم

سەعات یانزەیە. لە نێو دارستاندا. کوێرەڕێیەکی پیس و تۆزاوی بە خواروخێچی بۆ لای ڕاست پێچ دەکاتەوە. بەرەوپێش و پاشان بەلای چەپ لادەدات، لە کۆتاییدا بۆ ناو قووڵایی دارستان دەڕوات. کەمێکی تر بۆ پێش دەبینین کە ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگەکە دەکەوێتە نێو باوەشی دیواری دارستان. مانگ لە تاقی ئاسمانە. کوێرەڕێ لەبەر تریفەی مانگ یەکجار ترسناک و سەیر دەبریقێتەوە. هەر دەڵێی دارستان بۆ گاوێک پەلی لە خۆی کێشاوەتەوە و لێ گەڕاوە ڕێگەکان بەکەیفی خۆیان شەقی بکەن و نیازی شاراوەیان بەم چەشنە بهێننە دی. پاش کەمێکی تر دیسان دارستان خۆی دەپێچێتەوە و ڕێگەکان قووت دەدات. جۆنز لە لای ڕاستی دارستان ساتمە دەکات. بەدلەکەی قان قانی لێ بووەتەوە. لە جێی خۆی وشک داماوە و بە سەرسوڕماوی سەیری دەوروبەری خۆی دەکات و ڕێگەکان دەبینێ. چاوەکانی لە بەر تریفەی مانگ دەتروکێنێ. لە شەکەتییان بەردەبێتەوە سەرزەوی و تا دەمێک بەزەحمەت هەناسە دەدات. پاشان لەپڕ تووڕە دەبێ و دێتە قسە)

**جونز**:

خۆ لەبەر سوورەهەتاو توامەوە! هەڵدێم و هەڵدێم! تفوو لەو چاکەتە بێ وەجەم! خۆ دەڵێی باری مسە لەبەرم! (چاکەتەکەی دەدڕێنێ و تێی هەڵدەدات، تا کەمەری ڕووت و قووتە) ئاوا! ئاوا

چاکتره! ئۆخەی خۆ ئێستا دەتوانم پشوویەک بخۆمەوە! (سەیری قاچ و قوولی خۆی دەکا، نەقیزەکان دەبینێ) تفوو لەو نەقیزە نەگریسانەش! بەردەوام بەر پێم دەگرن و ساتمەم پێ دەکەن و ملم دەشکێنن. (دایان دەکەلێنێ و بە بێزاری تێیان هەڵدەدات) ئاوا! کەی لە دەست ئەم شتە بێ وەجانەی ئیمپراتۆر رزگارم دەبێ! خۆ هەر دەڵێی تۆڕن تێم ئالاون و نایەڵن سووک بڕۆم. ئەی خوا، چەند هیلاکم! (پاش کەمێک بێدەنگی، لە دوورەوە گوێی لە لێدانی بەردەوامی تومبە تومب دەبێ) دەبووایە تەواوێکم بەجێ بهێشتاین. هەرچەندە وەک مامز ڕادەکەم کەچی دەنگی ئەو تەپڵە فەرمەسۆنە هەر لێم نزیکتر دەبێتەوە. وا بزانم هێشتا ماوەی قورتاربوونم ماوە. هەرگیز پێم ناگەن. (بە هەناسەهەڵکێشانەوە) خۆزگە قاچە خاوەکانم پێیان گرتبا، خۆزیا. لەو کارانەی کردوونم گەلێک پەشیمانم. زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ بە ساغی لە گێچەڵی ئیمپراتۆری ڕزگاری ببێ. (بە گومانەوە سەیری دەوروبەر دەکات) نازانم ئەو ڕێیە لە کوێ پەیدا بوو؟ ڕێیەکی تەخت و خۆشیشە. هەرگیز لەوەو پێش نەمبینیوە (بەپەشۆکاوی سەر دەلەقێنێتەوە) ئەو دارستانانە بە شەو سەیرترین شتیان تێدایە (بەترسێکی لەپڕ) خوای مەزن، چی تر ئەجندە و دێوەزمە مەیەنە سەر ڕێم! دەمتۆقێن! (پاشان بە بڕواوە دەیەوێ دڵی خۆی بداتەوە) دێوەزمە، هەی قولەڕەشی گەوج و نەزان. کەی شتی وا هەن! ئەی قەشە چەند جار ئەوەی پێ نەگوتی؟ ئاخۆ تۆ ڕۆشنبیری یا وەک ئەو قولەڕەشانەی ئێرەی؟ بێگومان، خرِ



ئەمانە قسەی پووچ و ئەندێشەن، هیچ لێرە نەبوو. جێف نەبوو! ئەو شتانەت دێنە پێشچاو چونکە ورگت بۆشە و برسێتی بڕستی لێ بڕیویت. هەموو گەوج و نەزانێک دەزانێ برسێتی مێشک دەشێوێنێ و سۆمایی چاو دادێنێ. (پاشان پڕ بەدڵ دەپاڕێتەوە) خوای مەزن، ئەوانە هەر چ بوون و هەرچی نەبوون چی ترم مەیەنە سەرڕێ! (پاشان بەوریاییەوە) پشوو بدە! قسە مەکە! پشو بدە! پێویستت بە پشووە. پاشان هەڵسە بڕۆ. (سەیری مانگ دەکات) ئەوا نزیکەی شەو بەسەرچوو. لەگەڵ بەرەبەیان دەگەیتە کەنار دەریا و ئەوسا بەسەلامەتی قورتار دەبیت. (لە لای دەستەڕاست کۆمەڵێکی بچووک قولەڕەش دێنە ژوور. جلی بازەڵەی زیندانییانیان لەبەرە، سەریان هەڵقاچراوە، بە شەلەشەل لاقیان بەدوای خۆیاندا دەکێشن. قاچیان سندم و زنجیرکراوە و زنجیرەکەش بە تۆپێکی قورسی ئاسن بەستراوەتەوە. هەندێکیان کوڵینگ و هەندێکی تر بێڵ یان لە دەستە. زیندانەوانێکی سپی کە جلی پاسەوانی لەبەرە و تفەنگێکی مەوزەڕی لە شانە و قامچییەکی ئەستووری لە دەستە، بە دوایانەوەیە. کە پاسەوان نیشانەیان بۆ دەکات، هەموویان لەسەر ڕێگەی بەرامبەر جۆنز دەچەقن. جۆنز دانیشتووە و لە ئاسمان ڕادەمێنی. بۆیەش ئاگای لە هاتن و دەنگە دەنگیان نییە. لەپڕ سەر دادەگرێ و دەیانبینێ. چاوەکانی دەردەپەڕن! دەیەوێ هەڵبستێتەوە سەر پێ و هەڵبێ. بەڵام لە شوێنی خۆی وشک دەبێ و لە ترسان چۆکی دەشکێ و نابزوێ. زمانی گۆ ناکا و نزاکەی لە گەروو دەمێنێ) ئەی

مەسیح، هاوارە. (پاسەوان قامچییەک ڕادەوەشێنی. لەگەڵ قامچی وەشانەکە بەندییەکان لە چەقی ڕێگەدا بە بێدەنگی کار دەکەن. کوڵینگ دەوەشێنن و بێڵ لێ دەدەن بێ ئەوەی خشپە لە کارەکەیان بێ. جووڵانەوەیان وەک هینی جێف لە دیمەنی پێشوودا بەشێوەیەکی ئامێردانەیە، میکانیکی و لەسەرخۆ و توندوتۆڵە. پاسەوان بەڕووگرژی قامچی هەڵدەشەقێنێ و نیشانە بۆ جۆنز دەکات بڕواتە نێو بێڵ لێدەرەکان. جۆنز، وەک وابێت بە موگناتیس خەوێنرابێ دەکەوێتە سەرپێ بە ملکەچی دەبۆڵێنێ) بێگومان! بێگومان! دەچم! (بەلادادێت و بۆ شوێنی کارکردن لنگ لە دوای خۆی دەکێشێ. بەتووڕەیی و کینە لە ژێر لێوان جوێن دەدات) خوا گیانت بسەنێ، گاوری گاورباب. ڕۆژێ دێ من و تۆ پاک لە پاک بین. (وەک وا بێ بێڵی لە دەست بێ. هێمای ماندوویی و میکانیکی هەڵکەنینی زبڵ و زار بە سەر دەموچاوی دادێ. زبڵ و زارەکە تێ هەڵ دەداتە لایەکی ڕێگەکە. لەپڕ پاسەوان بەتووڕەیی و هەڕەشەکردن لە جۆنز دێتە پێش. قامچی بەرز دەکاتەوە و دەداتە نێو شانی. جۆنز لەگەڵ ئەم ئازارە رادەچڵەکێ و بەملکەچی خۆی وێک دێنێتەوە. پاسەوانەکە پشتی تێ دەکا و بەتووڕەیی و کینە دەڕوات. جۆنز یەکسەر ڕاست دەبێتەوە. دەستی بەرز دەکاتەوە، وا دەزانێ بێڵی لە دەستە و بەشێوەی تۆبز دەیگرێ. شێتانە دەردەپەڕێ بۆ سەرگیانی پاسەوانی بێ ئاگا. هەرکە بێڵەکە دەداتە بان کەللەی پاسەوانەکە، لەپڕ بەئاگا دێ کە دەستەکانی بەتاڵن. بەنائومێدی هاوار دەکات) کوا بێڵەکەم؟ بێڵکەتم بدەرێ تا



سەری ئەو گاوربابە پەل بدەم! (پەنا دەباتە بەر هاوڕێ زیندانییەکان) بۆ خاتری خوا! یەکێکتان بێڵم بدەنێ! (هەموو لە جێی خۆیان وشک دادەمێنن و چاو دەبڕنە زەوی – وا دیارە پاسەوانەکە چاوەڕێی ئەوە دەکات هەمان شت ڕوو بداتەوە. پشت لە جۆنز دەکات. جۆنز پەشۆکاوە و بە تووڕەیییەکی تۆقێنەر دەنەڕێنێ، شێتانە لە دەمانچەکە ڕوو دێ) هەر دەتکوژم ئەی شەیتانی سپی گەورە، ئەگەر بێ ئەمە دوا تاوانم بێ لە ژیان! دێوەزمە بی یا شەیتان، هەر دەتکوژم! (دەمانچەکەی سوار دەکا و ڕووی دەمانچەکەی دەکاتە پشتی پاسەوانەکە و لێی ئاگر دەدات. دەمودەست دیواری دارستان لە بەرچاوی وێک دێتەوە و تاریکی هەم رێگە و هەم بەندییەکان هەڵدەلووشێ. هیچ دەنگێک نابیسرێ بێجگە لە دەنگی ئەو گرمەیەی لە نێو پنچک و دەوەنەکان دێ. جۆنز شێتانە دەردەپەڕێ و ڕادەکات. دەنگی تومبە تومب هێشتا دوورە، بەڵام لە جاران بەهێز و خێراترە).

## دیمەنی پێنجەم

سەعات یەکی شەوە. گۆڕەپانێکی ڕووتەنی پانوپۆڕ، کە بە زنجیرەیەک درەختی ئەستوور و درێژ کە مرۆڤ چلەپۆپەیان نابینێ، دەورە دراوە. لە ناوەڕاستی ئەم گۆڕەپانەدا کۆلکەدارێکی گەورە هەیە کە بە هۆی کات و ئاووهەوا داخوراوە و هەر لە تەختی هەڕاجخانە دەچێت. تریفەی مانگەشەو گۆڕەپانەکە پڕ لە ڕۆشنایی دەکات. جۆنز بەزەحمەت ڕێگەی خۆی لەلای چەپی دارستانەکە دەکاتەوە. بەچاوی ترس و  پشکنین شێتانە سەیری گۆڕەپانە ڕووتەنەکە دەکات. پانتۆڵەکەی زیوالّ بە زیوالّ بووە، پێڵاوەکانی دڕاو و خواروخێچ بووین لە پێی دا فرت و هۆڕیانە. بەئەسپایی بۆ لای کۆلکەدارەکە دەچێت و بە پەشۆکاوی دادەنیشێ. ئامادەیە بۆ هەڵاتن. پاشان سەری دەخاتە نێوان هەردوو دەستی و بەنائومێدی دەنووزێتەوە.

**جۆنز:**

ئەی خوای مەزن! ئەی خوای مەزن! (لەپڕ خۆی هەڵدەداتە سەر چۆکان و دەستە تێک وەریناوەکانی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە – بە پاڕانەوە و دەنگێکی مردەنییانەوە) ئەی مەسیح بە فریام بگە! بەندەیەکی گوناهبارم، دەزانم تاوانم کردووە، دەزانم! کە بینیم جێف فرتوفێڵ لەگەڵ زارەکان دەکات تووڕەیی دەستی لە هەوکم ناو دەسبەجێ کوشتم! خوایە تاوانم کرد! کە پاسەوان بە قامچی لێی دام تووڕەیی سواری ملم بوو ئەویشم



کوشت. خوایە، ئەوەش هەر تاوان بوو. لێرەش کە ئەم قولەڕەشە دەوەننشینانە منیان گەیاندە تەختی دەسەڵات. ئەوەی توانیم دزیم، خوایە، ئەوەش هەر تاوانە! پەشیمانم! خوایە، بمبەخشە! لەم گوناهبارە بەسەزمانە ببوورە! (پاشان بەترسەوە دەناورێتەوە) ئەوانەم لێ دوور بخەوە، خوایە! ئەوانەم لێ دوور بخەرەوە! ئەو زرم و هۆڕەش لە گوێچکەکانم بخەدەر! وا دیارە ئەوەش لێم بووە بە دێوەزمە! (هەڵدەستێتەوە سەر پێ یان و بەو نوێژ و نزایانەی کەمێک ورەی دەکەوێتەبەر– بە بڕوایەکی نوێوە) ئێستا خوا لەو دێوەزمانەم دەپارێزێ. (لەسەر کۆلکەدارەکە دادەنیشێتەوە) لە مرۆڤ ناترسم. لێگەڕێ با بێن. بەڵام ئەم شتە سەیرانە (چۆکی دەلەرزێ – پاشان سەیری قاچ و قوولی خۆی دەکات، پەنجەکانی لە نێو پێڵاو دەجولێنێ– بەنووزەیەکەوە) ئای کە پێم دێشێ! ئەم پێڵاوانە ئازارم دەدەن، چی تر سوودیان لێ نابینم. باشترە فڕێ یان بدەم (قەیتانەکانی شل دەکاتەوە و لە پێیان دادەکەنێ– پێڵاوە هەڵزڕاوەکان لە دەست دەگرێ و بە پەستی تەماشایان دەکات) وەختی خۆی پێڵاوی چاک بوون، لە چەرمێکی هەرە نایاب دروست کرابوون. ئیمپراتۆر سەیرێکی خۆت بکە چۆن خەریکە ڕوو دەچی! (شانەکانی دانەواندوون و بەخەمگینییەوە ئاخ هەڵدەکێشێ. لە پێڵاوەکانی دەستی ورد دەبێتەوە و دەڵێ حەز ناکات فڕێیان بدات. لە کاتێکدا مێشکی بەمەوە خەریکە، بە بێدەنگی یەک عەشامەتە زەلام لە هەموو لایەکەوە دێنە گۆڕەپانە تاریکەکە. هەموویان جل وبەرگی ناوچەی خوارووییان لەبەرە،

هی پەنجاکانی سەدەی پێشوو. لە ناویانا پیاوی کامڵ هەن کە ئاشکرایە خاوەن کێڵگەی دەوڵەمەندن. تاقە کەسێ لە ناویانا پۆشتە بێ و سەنگین خۆ بنوێنێ دەلاڵەکەیە. یەک کۆمەڵیش تەماشاکەری تامەزرۆ وەستاوەن. زۆربەیان گەنجی قۆز و ئافرەتی سەلارن کە بۆ خۆخافڵاندن هاتوونەتە بازاڕی کۆیلان. بە بێدەنگی هەموویان بەڕێز سەڵاو لە یەکتری دەکەن. بە چاو بەهێمنی دەئاخڤن. جوولانەوەکانیان زەق و زۆپ و ناڕاستەقینە دێتە بەرچاو و لە هی فلیمی کارتۆن دەکات. هەموویان لە دەوری کۆلکەدارەکە کەپکە دەبەستن. پاشان چاودێرێک کۆمەڵە کۆیلەیەکی بە پێش خۆی داوە دێتەژوور. کۆیلەکان سێ زەلامی تەمەن جیاواز و دوو ئافرەتن یەکێکیان کۆرپەیەکی لە ئامێزە و مەمکی دەداتێ، هەموویان لەلای چەپی کۆلکەکە لە تەنیشت جۆنز ریز دەکرێن. خاوەن کێڵگە سپییەکان دێن و یەک یەک هەڵیان دەسەنگێنن، هەر دەڵێی ئاژەڵ دەکڕن، گەنجە قۆزەکان پەنجە هەڵدەشەقێنن و پلار و توانجی بەجێ داوێن. ئافرەتە سەلارەکانیش بەشێوەیەکی دڵگیر دەدەنە قاقا. هەموو ئەوانە لە خامۆشی دا ڕوو دەدات بێجگە لە دەنگی بە شوومی تومبە تومب نەبێ. دەلاڵەکە دەچێتە سەر تەختەکە و دەستی هەڵدەبڕێ. کۆیلەکان بۆ پێش پاڵەسوو دەدا و توند شانی جۆنز دەگری و نیشانی بۆ دەکات بچێتە لای کۆلکەکە کە تەختی هەڕاجکردنە (جۆنز سەرهەڵدەبڕێ، دەبینێ دەوری بە خەڵک گیراوە. چاو بە دوای کەلەبەرێکدا دەگێڕێ تا لێیەوە هەڵبێ، هیچ کەلێنێک نییە. شێتانە دەقیژێنی و لەسەر کۆلکەکە



هەڵدەپەڕێ بۆ ئەوەی ئەوەندەی بتوانێ خەڵک لە خۆی دوور بخاتەوە. پاشان لەوێ دەوەستێ، خۆی وێک دێنیتەوە و ترس چۆکی شکاندووە. دەلاڵەکە بە دەنگێکی نزم دەست پێ دەکات. نیشانە بۆ جۆنز دەکات، ڕوو لە خاوەن کێڵگەکان دەکات تەماشای بکەن. بڕواننە ئەم سەپانە، بڕوانن. وەک گوێز ساغە. ئەگەرچی پیاوێکی کامڵە کەچی هێشتا بە هێز و هەڕەتە. سەیری ناوشان و شەپیلکی بکەن، سەیر. سەیری ئەو پشت و ناوشانە پانەی بکەن تەماشای دەماری بازوو و ئەو پێیە بەهێزانەی بکەن. گشت ئیشێکی قوورسی پێ دەکرێ. سەرباری ئەمەش زەلامێکی چاک و زیرەک و گوێڕایەڵە. کەس نەبوو خۆی بخورێنێ؟ خاوەن کێڵگەکان دەست بەرز دەکەنەوە و دەکەونە مامەڵەکردن. ئاشکرایە هەموویان تامەزرۆی کڕینی جۆنزن. مامەڵە گەرمە و خەڵکیش بە کەیف و زەوقن. کە ئەمە بەردەوامە، لە نائومێدییان جۆنز دەماری پیاوەتی دەیگرێ. چاودەبڕێتە ئەملا و ئەولای خۆی، پاشان سەردادەگرێ. ترسێکی پڕ لە شەرمەزاری لەسەر دەموچاوی دەردەکەوێ و ئەمەش دەبێتە هۆی شپرزەیی، تێ دەگات لە چ بارێکدایە بە منگە منگێکەوە)

ئەی خەڵکی سپی خەریکی چین؟ ئەوە چ دەکەن؟ بۆ چ مەبەستێک سەیرم دەکەن؟ چیم لێ دەکەن، پێم بڵێن؟ (لە هەژمەتان لەپڕ تووڕەیی یەکی پڕ لە ترس و کینە دڵی پڕ دەکات) ئەوە هەراجم دەکەن؟ دەتانەوێ وەک بارمتەکانی پێشی جەنگ بمفرۆشن؟ (هەرکە دەلاڵەکە بۆ یەکێ لە خاوەن کێلگەکان

دای دەگرێ، جۆنز دەمانچەکەی دەردەکێشی و پێشتر لە دەلاڵ و ئینجا لە کڕیارەکە مووڕ دەبێتەوە) بلێ تۆ منت فرۆشت؟ تۆش منت کڕی؟ هەی گاور باوکینە، هەر ئێستا بۆتان دەسەلمێنم کە من قولەڕەشێکی ئازادم! (وا بەخێرایی دەمانچەکە بەرووی دەلاڵ و خاوەن کێڵگەکەدا دەتەقێنێ، دەڵێی هەر دوو گوللە لە یەک کاتدا دەردەچن – دەڵێ ئەمەش کلیلی ڕازێکە و دارستان لێی تێ دەگات، بۆیە دیواری دارستان سەرلەنوێ هەموو ئەو هەرا و عەشاماتە هەڵدەلووشێ. تاریکی نەبێ هیچی تر لەم ناوە نابینرێ. خامۆشی ئەم ناوە بە هۆی دەرپەڕین و هاوارە ترساوەکەی، لەگەڵ لێدانی توندتر و خێراتری تومبە تومب دەشیوێنرێ).



## دیمەنی شەشەم

سەعات سێی شەوە. شوێنێکی ڕووتەن و پاک کراوە لە دارستاندا. چلەپۆپەی درەختەکان لە ئاسمانا باوەشیان بە یەکترا کردووە و ساپیتەیەکی نزمی پێنج پێ بەرز دروست دەکەن. گەڵای تێکچرژاوی ڕووەکە خشۆکەکان بەرەو ژوور هەڵچووین و خۆیان لە قەدی درەختەکان ئاڵاندووە و لە هەموولایەکەوە شێوەیەکی کەوانەیی پێک دێنن. ئەم شوێنە چوار دەوری گیراوە بە چەشنی گومەزێکی تاریک و دڵتەنگکەر خۆ دەنوێنێ. تریفەی مانگەشەو کز دەچێتەوە و تەنیا چەند تاڵە ڕووناکییەکی لێڵ دێتە ناوەوە. لە لای چەپەوە دەنگی پێی یەکێک دێ کە لە پنچک و دەوەنەکان ساتمە دەکات و ڕەت دەبێ.

**جۆنز**: (بە نووزەیەکەوە دەدوێ)

ئۆه، خوایە ئێستا چی بکەم؟ تاقە گوللەیەکم مابێ زیوەکەیە. هات و دیسان بێنە سەر ڕێم چۆن بیانترسێنم؟ ئەی خوا، تەنیا گوللە زیوەکەم ماوە دەبێ ئەویش هەر بۆ سەروبەخت هەڵگرم. ئەویش بتەقێنم بێگومان دۆڕاوم. خوایە، ئێرە چەند تاریکە! کوا مانگ بۆ کوێ چوو؟ ئەی خوا، بۆ ئەمشەو هەرگیز کۆتایی نایێ؟ (بە هۆی دەنگی خۆیەوە بەوریایی بەرەوپێش دەچێ و ڕێگەی خۆی دەکاتەوە) لێرە! دەڵێی شوێنێکی ڕووتەنە. لێرە درێژ دەبم و پشوویەک دەدەم. ترسم لە قولەڕەشان نییە. با بێن بمگرن. هەروەختە لە هیلاکییان بمرم پێویستم بە پشوویەکە.

(تەواوێک لە پێشە و ئێستا بەئاستەم ڕێگە دەبینرێ. پانتۆڵەکەی دڕاوە، تەنیا ناوگەڵی داپۆشراوە. لە شەکەتییان بەهەناسەبڕکێ و بەدرێژی خۆی تێ هەڵدەداتە سەر زەوی و لە سەرزگ دەکەوێ وە لە شوێنە ڕووتەنەکە دنیا بەرە بەرە ڕۆشنتر دەبێتەوە و دوو ڕیز مرۆڤ لە پشت جۆنز دانیشتوون. بەنائومێدی خۆیان گرموڵە و کووڕ کردووەتەوە، پشتیان بە دیواری دارستانەکە نووساوە هەر دەڵێی لە درەختەکان بەستراونەتەوە. قولەڕەشی ڕووت و قووتن، لە دەرپێ قوتە زیاتریان لەبەر نییە. لە سەرەتادا نە دەنگیان هەیە نە جووڵە. پاشان هەموویان تێکڕا بەشێوەیەکی هاوڕێک بەرەوپێش دێن و دەچن هەر دەڵێی لەسەر پشتی کەشتین و دەلەقێنەوە. لە هەمان کاتدا مڕەمڕێکی نزمی میکانیکی لە ناویانا بەرز دەبێتەوە. ئەم دەنگە لەگەڵ لێدانی ڕەوتی تومبە تومبە دوورەکە هاوڕێکە، دەڵێی ئەم دەنگە بە هۆی تومبە تومبەکە ئاراستە دەکرێ و لەگەڵ ئەویش خێرا دەبێ. پاشان لە نائومێدییان نووزەی لەرزۆکیان دەگاتە ئاستی زریکەیەکی گوێ کاسکەر. ئینجا لەسەرخۆ بەرەبەرە نزم و بەرز دەبێتەوە. جۆنز رادەچەنێ. هەرکە سەرهەڵدەبڕێ و ئەوانە دەبینێ و ورەی زێتر دەڕووخێ و خۆی فڕێ دەداتەوە سەر زەوی تا ئەوانەی لە بەرچاو گوم ببێ. هەرکە دیسان نووزەی دێ، تەزووێکی سارد بە نێو لەشی دادێ. کەچی ئەم جارە، دەڵێی دەنگی لە ژێر پاڵەپەستۆیەکی سەیروسەمەرە دایە، لەگەڵ ئەوانی تر دەکەوێتە کڕووزانەوە. هەرکە دەنگی کۆرسەکە بەرز دەبێتەوە، بە چەشنی ئەوان



هەڵدەستێتەوە سەر چیچکان. بەرەو پێش دێ و دەچێ و دەنگی دەگاتە ترۆپکی خەمگینی و نائومێدی. ڕووناکی دەکوژێتەوە و دەنگەکانی تر کپ دەبن. تاریکی باوەش بەو ناوەدا دەگرێ. جۆنز خەریکی پێ گرتنە، دەردەپەڕێ و دەنگەکەی لەم ئاستە بەرەو کپ بوون دەچێ. کاتێک زێتر بە ناخی دارستانا ڕۆدەچێ دەنگەکەی بەرە بەرە بەرەوکزی دەچێ. لێدانی تومبە تومب بەرز و خێرا و بە هەژمەتتر بە شێوە ڕەوتێک لێ دەدرێ کە نیشانەی سەرکەوتنە).

## دیمەنی هەفتەم

سەعات پێنجی بەیانییە. لە بن درەختێکی مەزن لە ڕۆخ ڕووبارێکی گەورە، کۆمەڵە تاوێرێکی ناڕێک سەریان بەیەک ناوە و هەر لە قوربانگە دەچێ. ڕووباری پڕیش لەگەڵ کەناری وشکانیدا شەپ و هۆڕیەتی. لەوێ بەرەو دوا ڕووباری پانوپۆڕ لەبەر تریفەی مانگەشەو یەگجار دڵرفێنە و لووس دەچێتەوە. لە دوورەوەڕا تاریکە و دەڵێیەک پەردە تەمی شینە. دەنگی جۆنز لە دوورەوەڕا لە نێو نووزانەوە و کڕووزانەوەی کۆیلە کۆتکراوەکان لەگەڵ ڕەوتی لێدانی تومبە تومب بەرز و نزم دەبێتەوە. هەرکە خامۆشی دەنگی هەڵدەلووشێ، بەرەو شۆینە بەرهەڵدایەکە دێ. دەموچاوی وشک و مەییووە، چاوەکانی لێڵ و خەواڵوون. بە شل و خاوییەکی سەیر دەڕوات وەک وابێ لە خەوا بڕوا یا سەرمەست بێ. سەیری درەختەکانی دەوروبەری، بەردە ناڕێکەکانی قوربانگە، ڕووباری بەر مانگەشەو دەکات. ئینجا بە شێوەیەکی سەیر کە پەشۆکاوی و شپرزەیی دەنوێنێ دەست بە سەر سەری خۆی دادێنێت. پاشان دەڵێی لە ژێر کاریگەریی شتێکی نادیارە دەکەوێتە سەر چۆکان و لە بەردەم قوربانگە دەست بە نزا و پاڕانەوە دەکات. پاشان کە کەمێک بەخۆ دێتەوە و ئاگەدار دەبێ چی دەکات، هەڵدەستێتەوە سەر پێیان و بە ترسێکی گەورە چاو بەو ناوەدا دەگێڕێ – بە بڵمە بڵمێکی بێ مانا دەدوێت.



**جۆنز:**

ئەوە من – من چی دەکەم؟ ئەم شوێنە کوێیە؟ دەڵێی ئەم درەختە – ئەم بەردانە – ئەم ڕووبارەم– پێشتر دیوە. وابزانم پێشتر لێرە بوویم. (بەلەرزۆکی) ئەی خوا، زۆر لێرە دەترسم! دەترسم! خوایە، ئەم بەندە گوناهبارەت لە ژێر باڵی خۆت بگرە. (بەسنگەخشێ لە قوربانگەکە دوور دەکەوێتەوە. خۆی بەزەوییەوە دەنووسێنێ. دەموچاوی خۆی دادەپۆشێ. لە ترس و هەژمەتان ناو کۆلنجی ڕەق هەڵاتووە. لە پشت درەختەکانەوە، جادووگەرێکی کۆنگۆیی، وەک بڵێی لە ناو درەختان هەڵقووڵا بێ، پەیدا دەبێ. دەموچاوی چرچ و لۆچاوییە. ڕووتوقووتە و بێجگە لە کوڵکی هەندێ گیانەوەری بچووک کە لە کەمەرەوی گرتووە و کلکە گەڵا شکینەکەی لە پێشییەوە شۆڕ بووەتەوە هیچی تری لەبەر نییە. سەرتاپای لەشی پڕە لە پەڵەی سووری گەش. دوو شاخی کەڵەکێوی لەسەرناوە کە لق و پۆکانیان بەرەو ئاسمان هەڵچوون. دەستێکی شەقشەقەکی ئێسکی تێدایە، دەستەکەی تری حەیزەرانێکی جادووگەری تێدایە کە گورزەیەک پەڕی تووتی سپی بە سەرەوە گرێ دراوە. یەک بار پۆلیانە و مۆرووی شووشە و ئێسکی لە دەوری گەردن و گوێ و مەچەک بەستووە. بە دەنگ و بەقورسی هەنگاو دەنێ، لەگەڵ هەنگاوەکانیا زۆر سەیر هەڵدەقۆزێتەوە، تا دەگاتە نێوان جۆنز و قوربانگەکە. بۆ مەبەستی ئاگەدارکردنەوە و سەرنج ڕاکێشان پێ لە زەوی دەکوتێ، ئینجا تێ هەڵدەکاتە هەلەکەسەما و ستران گۆتن. لە وەڵامی ئەم بانگەوازەدا، تومبە تومب توند و

خێراتر لێ دەدرێ و دەبێتە زرمە، بەم شێوەیە هەواکە پڕ لە ڕەوتێکی لەراوی دەکات. جۆنز سەربەرز دەکاتەوە و دەردەپەڕێ. بە نیمچە کرنووشبردن و داچەمانێکەوە لە جێی خۆی وشک دادەمێنێ. ئەم جادووگەرە سامێکی مەزنی بەسەردا دەڕێژێ و یەکسەر چۆکی دەشکێ. جادووگەر بەلادادێ و دەچێ، بەتێن پێ لە زەوی دەکووتێ. دەنگیشی بە شێوەیەکی ئەفسووناوی لەسەر یەک ئاست منگە منگی دێ. بەرز و نزم دەبێتەوە بێ ئەوەی بتوانی یەک وشەی لێ تێ بگەی و لە یەکتری جیایان بکەیتەوە. تا دێ هەلەکەسەماکە لەگەڵ دەنگی منگە منگ پانتۆمایمانە خۆ دەنوێنی. منگە منگەکەی لە قسەی ئەفسووناوی دەکات و دەڵێی جادووە دەیانخوێنێ بۆ هێورکردنەوەی توندوتیژی ئەو خوا سەرشێتەی داوای قوربانی دەکات. هەڵدێ، ئەجندە و دێوەزمە ڕاوی دەنێن. خۆی دەشارێتەوە، دیسان هەڵدێ، ئەجندەکان زێتر لێی نزیک دەکەونەوە و ئەوەندەی نەماوە بیگەنێ. زیاتر ترسی لێ دەنیشێ و چۆکی دەشکێ. منگە منگەکەی دەگاتە بارێکی شپرزە و لەگەڵ هاوار و زریکە هاوکاتە. جۆنز بە تەواوی سەرمەست و خەوێنراوە، دەنگەکەی لەگەڵ دەنگە سیحراوییەکە، لەگەڵ هاوار و قیژەکان تێکەڵ دەبێ و نۆتە مۆسیقییەکە بە دەست لێ دەدات. لەگەڵ نەوای مۆسیقاکە لە ناوقەد بەسەرەوە خۆی دێنێ و دەبات. خرِ گیان و مانای ئەم هەلەکەسەمایە چووەتە ناخییەوە و بووەتە گیانی ڕاستەقینەی. لە کۆتاییدا ڕەوتی پانتۆمایمەکە لەگەڵ لوورە و قیژەی نائومێدی کپ دەبێ، دیسان



بۆ ئامانجێکی دڕندانە دەست پێ دەکاتەوە. نیشانەی سەرکەوتن خۆ دەردەخات و هێزی خراپە داوای قوربانی لێ دەکات. جادووگەرەکە بە حەیزەرانە ئەفسووناوییەکەی نیشانە بۆ درەختە پیرۆزەکە، بۆ رووبارەکەی ئەمبەر، بۆ قوربانگەکە و پاشانیش بە فەرمایشتێکی توندوتیژ بۆ جۆنز دەکات. وا دیارە جۆنز دەزانێ مەسەلە چییە و دەبێ هەر ئەو گیانی خۆی بکاتە قوربانی. هیستیریانە دەنووزێتەوە و بە ملکەچی کاپۆلێ لە زەوی دەکوتێ) خوایە میهرت بێ، میهر! میهر ببەخشە بەم گوناهبارە بەسەزمانە! (جادووگەرەکە بە قەڵەمبازێک دەگاتە کەنار ڕووبار. دەستەکانی بۆ لای درێژ دەکات و لە قوڵاییی شینی ئاوەکەوە بانگی خوایەک دەکات. پاشان بەکاوەخۆ خۆی دەکشێتەوە. هێشتاش هەر دەستی درێژ کردووە. سەرکی تیمساحێکی زل لە قەراخ ڕووبارەکە دەردەکەوێ و چاوە زیتە بریسکەدارە سەوزەکانی لە جۆنز دەڕوانن. ئەویش بەسەرسوڕماوی تەماشای دوڕ چاوی دەکات. جادووگەرەکە لە کەیفخۆشییان بە هەلەکەسەما بۆ لای جۆنز دێ. حەیزەرانە ئەفسووناوییەکەی دەگەیەنێتە جۆنز و بە فەرمایشتێکی تۆقێنەر نیشانە بۆ جۆنز دەکات بچێتە لای ئەو دڕندەیە. جۆنز وەک ماری سڕ بەرەو پێش و پێشەوەتر لە سەر زگ دەخشێ و بەبەردەوامی دەنووزێتەوە) میهرت بێ خوایە، میهر! (تیمساحەکە لەشە زلەکەی زێتر دینێتە سەر وشکانی. جۆنز بە سنگەخشێ زێتر لێی دەچێتە پێش. دەنگی جادووگەرەکە لە کەیف و خۆشییەکی هیستیریانە زریکاویتر دەبێ. تەپڵەکەش

شێتانەتر لێ دەدرێ. جۆنز لەگەڵ مووچڕکی ئازار و نووزانەوەدا بەشەکەتی یەک بە دەنگی خۆی دەقیژێنێ). خوایە رزگارم بکە! ئەی مەسیح، بەهانام بگە! (دەمودەست، لەگەڵ نزاکەی دوا گوللەی بە بیردێتەوە. لە دەمانچەکەی ڕوودێ و بە بەرەنگاربوونەوە دەقیژێنێ) گوللەی زیو! هێشتا چنگت نامگاتێ! (گوللەکە دەتەقێنێتە نێوان چاوە سەوزەکانی بەرامبەری. سەری تیمساحەکە بە ناخی ڕووباردا ڕۆدەچێ و جادووگەرەکەش لە پشت درەختە پیرۆزەکە هەڵدەپەڕێ تا ون دەبێ. جۆنز لە سەرزگ کەوتووە و چاوەکانی ڕوو لە زەوین. دەستەکانی لە خۆکێشاونەوە و لە ترسان قوڵپی گریان لە گەروویدا خنکاوە. لێدانی تومبە تومب بە لەرەیەکی خەمگین و سەرلێشێواو، بەهێز و توانایەکی تۆڵەسێن دڵی خامۆشی ئەم ناوە دەشکێنێ).



## دیمەنی هەشتەم

گزنگ: هەمان شوێنی دیمەنی دووەمە. ئەو پشتێنەی کە دەشتایی و دارستان لێک دادەبڕێ. قەدی نزیکترن درەخت بەئاستەم دەبینرێ. بەڵام دارستانەکەی پشت ئەو لە باوەشی تاریکییەکی ڕەشدا دەژی. تەپڵ کووتانەکە هەر لەو شوێنەیە، لێدانەکەی زۆر بەرزە و بەردەوام دەلەرێتەوە. لەلای چەپەوە (لێم) دێتە ژوورێ و کۆمەڵێکی گچکە سەربازی بەدواوەیە لەگەڵ سمیسەرزی بازرگانیش. (لێم) زەلامێکی کەتەیە دەموچاوێکی مەیموونانی هەیە و لە پیرە درندەکانی ئەوپەڕی ئەفریقیا دەچێت. تەنیا ناوگەڵی داپۆشراوە. دەمانچە و ڕەختێک بە لاکەلەکەیدا شۆڕ بووەتەوە. سەربازەکان هەریەکە بە چەشنێک پۆشاک کراون. هەموویان شەپقەی پانی حەسیریان لەسەرە. هەریەکەیان تفەنگێکی لە دەستە. سمیسەرز هەر سمیسەرزی دیمەنی یەکەمە. سەربازێ، کە بەباشی دیارە، شوون هەڵگرە و بەوردی تەماشای زەوییەکە دەکات. دەمڕێنێ و بۆ ئەو شوێنە نیشانە دەکات کە جۆنز لێیەوە چووەتە نێو دارستان. لێم و سمیسەرز دێن و سەیری شوێنەکە دەکەن.

**سمیسەرز**: (پاش چاوپیاخشانێک، بەبێزاری ڕوو وەردەگێڕێ)

دەق ئێرە ئەو شوێنەیە لێی چووەتە ژوور. دە هەقە مستتان بێ، دەی. بێگومان ئێستا چەند میل لێرە دوورە و گەیشتووەتە قەراخ ڕووبار. نەفرەت لە خۆ و ئیشتان. پێم نەوتن لێتان بزر

دەبێ؟ هەمووی خەتای خۆتان بوون هەی نەفرەت لێ کراوینە. پێم ناڵێن سوودی چی بوو کە بە درێژاییی ئەمشەو ئەو تەپڵە چەپەڵەتان دەکوتا و جادوو و ئەفسوونی بێ وەجتان دادەڕشت! خوا ئاگای لێم بێ! ئای های لەو نەزانە بێ مێشکانە!

**لێم**: (بە گەروو)

دەیگرین. ببینە چۆن دەیگرین (نیشانە بۆ سەربازەکان دەکات، هەموویان لە سەر چیچکان بە شێوەیەکی نیمچە کەوانەیی دانیشتوون).

**سمیسەرز**: (بە تووڕەیی)

دەباشە، بۆ ناچنە نێو دارستان و لەوێ بەدوای بکەون؟ ئادەی خێراکەن، چاوەڕوانی بێ سوودە.

**لێم**: (بە هێمنی لەسەر چیچکان دادەنیشێ)

هەر دەیگرین، بۆ کۆی دەچێ؟

**سمیسەرز**: (بەنزم تێڕوانینەوە ڕووی لێ وەردەگێڕێ)

ئۆه! بەخوا! پەنجەی ئەو بەقەد سەری هەمووتان ئەقڵی تێدایە. خۆ من ڕقم لە چارەی دەبێتەوە، بەڵام ئەمە ڕاستییە. (دەنگی شکاندنی لق و گەڵا لە نێو دارستانەکە دێ، سەربازەکان یەک پێ ڕادەپەڕن. بزماری تفەنگەکانیان دەکەنەوە و بەوریایی چاو دەگێڕێن. (لێم) بە هێمنی لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە و گوێی سووک دەکات. ئەم دەنگە دیسان لە نێو دارستان دووبارە دەبێتەوە. (لێم) بە پەلە نیشانە بۆ سەربازەکان دەکات. سەربازەکان بە بێ خشپە خێرا دەخزنە ناو دارستان. وا پەرش



و بڵاو دەبنەوە کە هەر یەکێک لە شوێنێک دەبێ).

**سمیسەرز**: (لە ناو خامۆشییەکەدا بە چرپەیەکی قیناوییەوە):

دەترسم بڵێن ئەمە خۆیەتی؟

**لێم**: (بەنەرمی):

هەر دەیگرین.

**سمیسەرز**:

هەی سەرزلی مێشک بۆگەنینە! (پاش تاوێک بیرکردنەوە بە سەرسوڕماوییەوە) هێشتا لەوانەیە بیدۆزنەوە. چونکە ڕەنگە لە نێو ئەم دارستانە بۆگەنە ڕێی لێ ون ببێ و بە بێ ئەوەی بزانێ بگەڕێتەوە شوێنی خۆی. شتی وا زۆر ڕوو دەدات.

**لێم**: (بە فەرمانکردنەوە)

شش! (شریخەی دەسڕێژێک لە نێو دارستان دێ، پاش چرکەیەکی تر قیژەی شێتانەی سەرکەوتن دێ. لەپڕ تەپڵەکان لە لێدان دەوەستن. (لێم) بە کەیف دەگرژێتەوە و تەماشای پیاوە سپییەکە دەکات) گرتمان، کوشتمان.

**سمیسەرز**: (بە مڕەیەکەوە)

چۆن دەزانی ئەوە و چۆن دەزانی کوژراوە؟

**لێم:** پیاوەکانم گوللەی زیوویان پێیە. بۆ کوێ دەچێ، هەر دەیکوژن.

**سمیسەرز**: (بەسەرسوڕمانەوە)

گوللەی زیویان پێیە؟

**لێم:**

گوللەی قوڕقوشم نایبڕێ، چونکە گوللەبەندی پێیە. پارەم گەرم

کرد و تاواندمەوە و گوللەی زیوم لێ دروست کرد و ئەفسوونی مەزنیشمان لەسەر خوێند.

**سمیسەرز**: (ڕۆشنایی دەکەوێتەسەر)

بڵێ بەدرێژاییی شەو بەمەوە خەریک بوون؟ بڵێ نەدەوێران بە دوای بکەون تا گوللەی زیوتان دروست نەکرد؟

**لێم**: (ڕاست و ڕەوان مەسەلەکە دەخاتە بەردەستی)

بەڵێ، ئەو جادووی مەزنی پێیە، قوڕقوشم نایبڕێ.

**سمیسەرز**: (لە ڕانی خۆی دەدات و دەداتە قاقای پێکەنین)

هەی هەی! ئەگەر نەتانکوشتبێ! (پاشان دێتەوە سەرخۆ بەکینەوە) سوێند دەخۆم ئێوەی گەوج و شێت ئەوتان نەکوشتووە!

**لێم**: (لەسەرخۆ)

ئێستا لاشەکەی لەگەڵ خۆیان دێنن. (سەربازەکان لە دارستان دێنە دەر و لاشەی شل و خاوی جۆنز دێنن. لاسنگی چەپی کونێکی سووری بچووکی تێدایە. مردووە. لاشەکە دێننە لای (لێم) و ئەویش زۆر بەکەیف تەماشای دەکات. سمیسەرزیش لە پشت ئەوەوە سەری بەسەر لاشەکەدا دادەگرێ).

**لێم**: (بە دەنگێکی ترساو و سامگرتووەوە دێتە قسە)

کۆرپە شیرینەکەم، بە خوا چاک تیماریان کردیت، هەر دەڵێی ماسی مردوویت! (بەتیزەوە) کوا هەوا و فیزی جارانت، ئەی خاوەن شکۆ؟ (پاشان بەگرژینەوەیەکەوە) گوللەی زیو! خوا ئاگەدارم بێ. بەڵام تۆ لە چلەپۆپەی بەرزیدا کوژرایت، ڕۆڵەکەم!



(لێم نیشانە بۆ سەربازەکان دەکات لاشەکە بۆ دەرەوە هەڵگرن. بۆ لای چەپ دەکەونەڕێ)

**سمیسەرز**: (بە گاڵتە پێکردنەوە ڕوو دەکاتە لێم)

لەوانەیە بڵێن ئەو ئەفسوونە نگریسە و ئەو تەپڵ کوتانە بێ مانایەتان ڕێی پێ ون کرد و وای لێ کرد بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، وا نییە؟ (لێم وەڵام ناداتەوە، هەروەک وابێ ئەم پرسیارەی نەبیستبێ وا خۆی دەنوێنێ. دەچێتە دەرەوە و بە لای چەپدا بە دوای هاوڕێکانییەوە دەڕوات، سمیسەرز بەڕق و کینەیەکی چەپەڵانەوە چاو بە دوایدا گڕ دەدات) خۆتان وەک بەراز بێ مێشکن! گەورە و بچووکتان، هەی قولەڕەشی هیچ نەزانینە!

پەردە دادەرێتەوە

# فەرهەنگۆک

تێبینی: مانای هەموو ئەو وشانەی خوارەوە بە پێی بەکارهێنانیان لە دەقی شانۆنامەکەدا لێک دراونەتەوە:

ئەجندە: جنۆکە.

ئامێردانە: ئامێردە مرۆڤ ئاسا.

ئێزەگی توور: لاسکی توور.

بەهەژمەت: بەگووژم. بەحوجەت.

بارمتە: رهینە.

بێ وەج: بێ سوود.

پنچک: بنج، ڕەگی دار و درەخت.

پۆلیانە: مۆڕوو.

پیل: قۆڵ، بازوو.

پێ کۆڵ: سمکۆڵ.

تەڕادانێ: قۆشمە، غارغارێن.

تۆمبە تومب: دەنگی تەپڵکوتان.

حیتەحیت: پێکەنێنێکی سەیری تیژ و بەدەنگ.

خڕ: گشت.

خۆشێلوکردن: خۆتێکدان.

خۆوێک دێنێتەوە: خۆ کوورژ دەکاتەوە، خۆ گرمۆڵە دەکات.

دەبۆرژێ: چاوی دەچێتە خەوەوە.

دوڕچاو: ناوچاو.

دۆژە: دۆزەخ.

ڕۆخ: کەنار.

ڕەوت: ایقاع.

زار: نەرد.

زریکاوی: یەگجار تیژ و زیقن.

زوورگ: گردۆلکە. تەپۆلکە.



زیواڵ بە زیواڵ: شێتاڵ شێتاڵ.

سەلار: شۆخ و شەنگ.

ساپیتە: بنمیچ.

قوربانگە: شۆینی قوربانیدان لە کەنیسەدا.

قوومەڵان: قووماوی.

عەشامەت: جەنجاڵی و قەڵەباڵغی.

کۆلکەدار: کۆتەڵەدار.

کەپوو: لووت.

گەروو: قووڕگ، بینە.

گەڵاشکێن: گەڵا ئاسا.

گچکە: بچووک.

لرمە: گرمەیەکی مەزن.

مامز: ئاسک.

لەغەر: سیس و لاواز.

مرۆ: مرۆڤ، مێر.

نەقیزە: ئاسنێکی نووک تیژە لە پشت پێی سوار دەبەسترێ بۆ زەختە لێدان لە ئەسپ یا ماین.

هانا: فریا.

هەنجەت: بیانوو.

هەوک: گەڕوو، بینە.

هەڵقاچراوە: بەنارێکی تاشراوە.